ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەری دەکات

# هەواڵنامەی بۆپێشەوە

BOPESHAWA

ژمارە (2) سەرەتای ئەیلولی 2000 | 8 لاپەڕە | No.(2) Sept. 2000

## نووسەرەکانی "کوردستانی نوێ" و پاساوی تاوان!

ماوەیەکە روژنامەی "کوردستانی نوێ" بەردەوام لەریگەی کۆمەڵێك نوسەری خۆفرۆشەوە دەستی داوەتە بلاوکردنەوەی موهاتەراتیکی ریسوابوو لە دژی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق . یەکێتی دەیەویت لەرێگەی ئەم ریاکاری و درۆکردنەوە بەربگرێت بە تورەیی و ئیعترازی رووڵەسەری خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە دژی تاوانەکانی ی.ن.ك بەرامبەر بە حککع و ریکخراوە جەماوەرییەکان.

بە دەرلەوەی کە ناوەروکی کۆنەپەرستانەو فریودەرانەی تاك تاکی ئەو ووتارو هێرشە ئیعلامیەی کوردستانی نوێ چییە، یەك راستی بۆ هەرخوێنەرێك روون و ئاشکرایە ئەویش ئەوەیە کە ئەم هێرشە ئیعلامیەی ی.ن.ك درێژەی هێرشی چەکدارانەو تاوانەکانی ئەم دواییەیەتی بەدژی حککع. ئەمە هێرشێکی ئیعلامی نییە پێش تاوانەکانی ی.ن .ك، ئەمە رادەربڕین و جەدەلێکی سیاسیو فکری نییە کەلە رۆژنامەکاندا ئازادانە عەکس ببنەوە، وبەشێك نییە لە کێشمەکێشیکی ئازادانەی نێو کۆمەڵگایەکی ئاسایی. ئەمەی لەکوردستانی نوێدا بەڕێوە دەبرێ حەملەیەکی تەشهیری سیاسی دیاریکراوە کەدام ودەزگای هێزێکی مافیایی ناسیونالیستو عەشیرەیی وەڕێی خستووە بۆ پاساوی تاوانەکانیان بە دژی حککع و خوڵ کردنەچاوی جەماوەری ئازادیخوازو نارازی خەلکی کوردستان.

لە راستیدا خەلکی کوردستان ئاشنان بەم کردەوە ریسوایەو ئەم شێوەیە لە پروپاگەندەی فریودەرانەو، بەدرێژایی چەنددەیە هەمان شیوازو کردەوەی سەرکوتگەرانەیان لە رژیمی بەعس دیوە . ی. ن.ك لەپێشدا سەرکوتو ئیستبدادەکەی خۆی بە دژی حزب ئەنجام داوەو پاش ئەوە و وەك تەکملەی ئەو سەرکوتگەرییە و جیگیرکردنی، دەستیداوەتە حەملەی ئیعلامی بە دژمان .

راستی وەزعەکە ئەوەیە کە ی.ن.ك بە زەبری چەك وکوشتنو بڕینو داسەپاندنی شەڕێکی نابەرابەر بەسەرماندا، مقەرەکان ورادیۆی مەرکەزی حزبی داخستوە وجریدەکانی "ممنوع "کردووە، ئەمە لەکاتێکدا کە حکومەتە کارتۆنییەکەشی بەرەسمی ئیجازەی داوە بە"بۆپێشەوە"و رادیۆکەو، سەرەڕای ئەمانەش مقەری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنانو سەنتەری بەرگری لەمافەکانی مندالانی بەزۆر داخستووەو، تەرمی هاورێیانی گیانبەخت کردووی بەدزییەوە ناشتوەوهەتا ئێستاش ئاسایش بەردەوام مراقەبەی گۆڕەکانیان دەکات‌و، لە ئیستاشدا هەر کەسێ بەیان و نووسراو و رۆژنامەی حزب بلاوبکاتەوە لەلایەن ئاسایشەوە دەگیری. پاش هەموو ئەو تاوان وسەرکوتگەریە کە بە گوی رایەلی و اتفاق لە گەل جمهوری کونەپەرستی ئیسلامی ئیراندا بەریوە دەبری، کۆمەڵێك نووسەری درۆزن و شۆڤێنیست و بەکرێگیراوی جلال تالەبانیو نەوشیروان لەچەشنی جمال عبداللە و فرید ئەسەسەرد و ستران عبداللە وسعید سەقزی ...هتد، بێشەرمانە لەلاپەڕەکانی "کوردستانی نوێدا" خۆیان دەفرۆشن و پاکانە بۆ تاوانەکانی جلال تالەبانیو نەوشیروان دەکەن.

ئەگەر قسەیەکی سیاسی جیدی لە ئارادا بێت وشایانی ووتن بێت بە خەڵکی نارازی کوردستان قسەو اعترازی ئازادی خوازانە، نامە ئیعترازیەکانی شێرکۆ بێکەس و رێبین احمد هەردی و شازین هێرش و کمال رۆوف ودەیان ودەیان ئەدیب و رۆشنبیری ئازادیخوازی ترو ئەو نامە ئیعترازییە بەردەوامانەیە کەلەسەرانسەری جیهاندا نەقابە کریکارییەکان و رێکخراوە چەپەکان ورێکخراوەکانی ژنان و فیمینیستەکان وریکخراوەکانی مافی مروڤ و ئازادیخوازەکان وکەسایەتییە رۆشنبیرەکان دەیکەنە سەر ی.ن.ك ، نەك پاساوە چەپەڵ وخۆفرۆشییەکانی نوسەرەکانی "کوردستانی نوێ " کە لە ناو زۆنگاوی سەرکوت و خنکاندنی دەنگی اعترازی نوسەرو ئەدیبە نارازیەکان و بایکۆت کردنیان لەدەستگاکانی راگە یاندنی ی.ن. ك بواریان بۆ خولقاوە.

کێ هەیە ئەو راستییە نەبینێ کەئەوەی لە "کوردستانی نوێ" دا بلاو دەکریتەوە بەدژی حککع روویەکی تری کوشتن و بڕینەکانی 13و 14 تەموزی ئەمساڵە. هیچ کەسێکی بەویژدان ناتوانێ یەك رستەو یەك ووشەیان جیدی لێ وەرگرێت و ئاشکرایە هەر لەسەرەتاوە وەك کۆمەلێك نوسەری شەریکە تاوان سەیریان ئەکات کە پیشەیان پاساوکردنی خوێنرێژی و سەربڕینی ئازادییە.

کێ هەیە ئەوە نەبینێ کە لەلایەك ی.ن.ك هەر رۆژە سەرکوتگەرییەکانی بە دژی حککع توندو تیژتر دەکاتەوەو ناهێلێت ئازادانە قسەی خۆی بکات و ئەو مافە لە خە لکی کوردستانیش زەوت دەکات کە بتوانن قسەی حزب ببیستن و لەلایە کی تریشەوە خۆی پێی لێ درێژکردووە و یەك لایەنە و بەوهەموو ئیمکاناتەی کە لەبەردەستیدایە هێرشی ئیعلامی خۆی بەدژی حککع دەکات.

کێ هەیە گوێ لە قسەکانی کوردستانی نوێ بگرێت لە کەشوهەوایەکی ئاوادا ؟

**موئەیەد ئەحمەد**

2000/8/23

## ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەحکوم دەکات!



AMNESTY INTERNATIONAL
AMNISTÍA INTERNACIONAL
AMNISTIE INTERNATIONALE
МЕЖДУНАРОДНАЯ АМНИСТИЯ
國際特赦組織
منظمة العفو الدولية

URGENT ACTION

PUBLIC AI Index: MDE 14/10/00

16 August 2000

Further information on UA 219/00 (MDE 14/08/00, 19 July 2000) and follow-up (MDE 14/09/00, 25 July 2000) Incommunicado detention/fear of torture/forcible expulsion/fear of forcible return/"disappearance"

IRAQ/IRAQI KURDISTAN Sadiq Nikbin (Iranian national)
Nidhal Ahmad
Kuchar

New names: Shazin Heersh
Saman Mohammad
Haydar Rassam
Mohammad Najam
Kamran Latif
Karim Latif
Jaza Mohammad
Azad Mohammad Amin

Kazal Jamal (f), Surma Rasoul Mina (f), Leyla Isma'il (f), Niyan 'Ali Ahmad (f), Asmar 'Abdullah (f), Shukhan Salih (f), Bayan (f), Ajin (f), Zaman (f), Badriya Rassul (f), Batsuz 'Abdullah (f), 'Aisha (f)

The PUK intend to hand Sadiq Nikbin over to the Iranian authorities on 17 August. He would face serious human rights violations if he were returned to Iran. He is now under guard at a hospital in Sulaimaniya

A number of others with links to the Iraqi Workers' Communist Party (IWCP) and Independent Women's Organization (IWO) are now known to have been arrested, and many in grave danger.

Poet and writer Shazin Heerah is said to have been arrested on 21 July, at a well known club for intellectuals in Sulaimaniya, reportedly for denouncing the closure of the IWO office and the arrests that followed. His whereabouts are now unknown.

Also arrested that day were IWCP members Saman Mohammad, a security guard at the IWO office, and Haydar Rassam. Their whereabouts are now unknown. Another of the security guards at the IWO office, IWCP member Mohammad Najam, has also been arrested.

After the 21 July raid on the IWO-run women's refuge in Sulaimaniya, the 12 women named above, who had been sheltering there from abuse by relatives, are said to have been moved to the PUK Security Directorate in Sulaimaniya. Amnesty International fears that they may be handed over to their families or relatives, and would be at risk of serious human rights abuses. Another woman who left the refuge in June, Nasrin 'Aziz Rashid, is said to have been killed by a relative.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە نوسراوێکدا بۆسەرجەم نوسینگەکانی خۆی لەسەراسەری دنیادا داوایان لێ دەکات کە سەبارەت بە گرتن‌و ئەشکەنجەدان‌و کردەوەی سەرکوتگەرانەی یەکێتی بەرامبەر بە ئەندام‌و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نامەو فاکس‌و تەلەگرام‌و تەلەفۆن بکەن بۆ نوسینگەکانی یەکێتی لەو وولاتانەی کە نوسینگەی یەکێتی لێیەوفشار بخەنە سەر یەکێتی بۆ دەست هەلگرتن لەو کارانەو پاراستنی مافی مرۆڤ لەکوردستانی‌عێراق‌و هەروەها پاراستنی ژیان‌و سەلامەتی زیندانی‌یەکان‌و ئەو ژنانەی لای سەنتەری پارێزگاری‌ـژنان دەپارێزران و دوای داخستنی سەنتەر لەلایەن ئاسایشەوە، ژیانیان لەمەترسیدایە. هەرلەو نووسراوەدا ڕێکخراوی ناوبراولەوحەیەك لە پێشێلکاری‌یەکانی یەکێتی دەخاتە بەردەم ئەندامەکانی‌خۆی‌و باسی زیندانی کردنی ژمارەیەك کادرو ئەندامی‌حیزب‌و شازین هێرش نوسەری نارازی بەم سیاسەتەی یەکێتی دەکات‌و نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە سەلامەتی ژیانی ئەوان‌و ئەوژنانەی سەنتەر رادەگەیەنێ‌و هاوکات باسی مەترسی تەسلیم کردنەوەی صادق نیکبین لەلایەن یەکێتی‌یەوە بە جمهوری ئیسلامی‌ئێران و کوشتنی نەسرین عزیز دەکات کە یەکێك بوو لەو ژنانەی پێشتر لەلایەن سەنتەرەوە ژیانی پارێزرابوو. سەرباری ئەمانە ئیشارەت بە داخستنی‌سەنتەری بەرگری لەمافەکانی‌منالانی‌کوردستان دەکات‌و داوایان لێ دەکات لەسەر ئەو مەسەلانە نارەزایەتی لە دژی یەکێتی دەربڕن . شایانی‌باسە ڕۆژی 2000/7/26یش ڕێکخراوی ناوبراو نامەیەکی ئاراستەی‌جلال تالەبانی‌کردووە لەم بارەیەوە. تا ئێستاش (3)نامەی لەسەر پێشێلکاری‌یەکانی یەکێتی بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ریکخراوەجەماوەری‌یەکانی نزیك بەحیزب ناردووە.

## ناسك ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵێك ئەدیب‌و ڕۆشنبیرو نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژنان لەشاری هەولێر کۆبۆوە

### لەو کۆڕەدا "45" ئیمزای نارەزایەتی لە دژی هێرشی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حزب کۆکرایەوە

ڕۆژی 8/17 کاتژمێر 6.30 دەقیقەی ئێوارە لە هۆلی مالی شەرەفخانی بەتلیسی کەناوەندێکی رۆشنبیرییە لە هەولێر، کۆڕێك بۆ رۆشنبیران و رێکخراوەکانی ژنان سازکرا لەلایەن ناسك ئەحمەدەوە ، سەبارەت بە هێرشەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لەم کۆڕەدا کە نزیك بە 2.30 دەقیقەی خایاند، نزیکەی 70 کەس لە ئەدیبان و نووسەران و ژنان ئامادەبوون .

## خرۆشانی خەڵکی ناڕازی لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێران

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەکە شاری خوڕڕەم ئابادی ئێران، بووەتە شانۆی ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری خەڵك‌و ڕژێمی جمهوری ئیسلامی‌و دەزگا سەرکوتگەرەکانی. جەماوەری ئازادیخواز بەدەم شیعاردانەوە لەدژی جمهوری ئیسلامی پەلاماریان بردۆتە سەر دەزگاکانی سەرکوت‌و ناوەندە فکری‌و عەقیدەییەکانی جمهوری ئیسلامی‌و چەندین سەیارەی جۆراوجۆری ئەم ڕژێمەیان ئاگر تێبەرداوە. جمهوری ئیسلامی کە بەهۆی ئەم ناڕەزایەتی‌یە فراوانەوە تووشی سەرلێشێواوی هاتووەو باڵە جیاجیاکانی ناو حکومەت بەربوونەتە گیانی یەکتری، دەستی داوەتە سەرکوتێکی بەربڵاو لەدژی خەڵکی ناڕازی‌و نزیکەی هەزار کەسی دەستگیرکرووە.

شایانی باسە ئەم ناڕەزایەتیە لەدرێژەی ئەو جموجۆڵ‌و خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتیانەدایە کە لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەبڵاو تاران‌و مەشهەدو عەبادان‌و سنەو سەقزو مەریوان‌و زۆرێك لەشارەکانی دیکەی ئێرانی گرتۆتەوەو لەم چەند مانگەی دوایی‌دا بە جۆش‌وخرۆشێکی زیاترەوە دەستی پێ کردۆتەوە.

## سەردان و چاوپێکەوتنەکانی رابەرایەتی حزب لەگەڵ رۆشنبیرانی شاری هەولێر

*سەرلەبەیانی رۆژی8/9 وەفدیکی حیزب کەپیکهاتبوو لە عبداللە محمودو موئەیەد ئەحمەدو هیوا ئەحمەد,سەردانی بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانیان کرد لەشاری هەولێرو لەلایەن بەریزان فرهادعونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و ممتاز حیدری سکرتیری سەندیکا و ئازاد عبدالواحد ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا پیشوازیان لێ کرا. لەو دانیشتنەدا قسەوباس لەسەر هیرشەکانی یەکیتی بۆسەر حیزب‌و ئازادی‌هەلسورانی سیاسی کراو نیگەرانی و بیزاری خۆیان لەو کردەوەیەی یەکیتی دەربری و

بۆ ل-2

**هەواڵی ئاکسیۆن و نارەزایەتی‌و چالاکی‌یەکان لەدژی تاوانەکانی یەکێتی‌و کۆمەڵێك نامەی نارەزایەتی‌و مەحکومکردنی ئەم تاوانانە لە لاپەڕەکانی (3)و (4)و (5)دا بخوێننەوە.**

## راگەیاندنی روژنامەگەری ژمارە " 3 "ی

## سکرتاریەتی ریکخراوی دەرەوەی وولاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەبارەت بە/ بەردەوامی نارەزایەتیەکان دژ بە یەکیتی نیشتمانی کوردستان

لە دریژەی هەلسورانی سیاسی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق لە دەرەوە، دژ بە ملهوری و سەرکوتی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بە داخستنی رادیوو مقەرەکانی حیزب و هەردوو مقەری ریکخراوەی سەربەخوی ئافرەتان وسەنتەری پاریزگاری لە ژنان و سەنتەری پاریزگاری لە مندالان و... نارەزایەتی ئەحزاب و لایەن و ریکخراوە نیونەتەوەیی یەکان وکەسایەتی‌یە سیاسی و روشنبیری‌یەکان و خەلکی ئازادیخواز لە دەرەوە روژ بە روژ لە پەرەسەندن دایە بەتایبەت دوای بلاوبونەوەی هەوالی پەیوەندی ئەم هیرشانەی یەکیتی، بەبریاری راستەوخوی کوماری ئیسلامی ئیران وە لە رورژنامەی " کیهان" ی روژی 2000/8/1دا کە لە تاران دەردەچی.

- ***خوپیشاندانەکانی روژی 8/18:*** لە وولاتانی سویدو فنلنداو ئەلمانیاو استرالیا خوپیشاندانی ریکخراوەکانی حیزب و خەلکی ئازادیخواز بەدەوری ئەم داواکاری‌یانەدا ، ریك خرا: 1- زەخت کردنە سەر یەکیتی نیشتمانی بو کردنەوەی مقەرات وئیزگەی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق، 2- کردنەوەی مقەرەکانی ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان وسەنتەری ژنان، 3- ئازاد کردنی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، و بەدیاریکراویش ناوی ( صادق نکبین) ئاماژەی بوکرا.

1- وولاتی سوید: خوپیشاندانی هەردوو ریکخراوی سویدی حیزبی کومونیسی کریکاری عیراق وئیران لە بە رانبەر مقەری گشتی حزبی سوشیال دیموکراتی سویدی دا لە ستوکهولم، نوینەرانی حیزب بەلگە ونوسراوەکانی حیزب و نوسخەیەك لە وەهەوالەی کە لە روژنامەی " کیهان " دا بلاوبوتەوە، دایە دەست لیپرسراوانی ئەو حیزبە، لەم خوپیشان دانەداجگە لە ئەندامان ولایەنگرانی حیزب ژمارەیەك لە کەسانی پیشکەوتوخواز وئینسان دوست بە شداریان تیداکرد.

2- وولاتی فنلندا :خوپیشاندانی هەردوو ریکخراوی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق و ئیران لە بەرانبەر مقەری گشتی سوشیال دیمکراتەکانی فنلندا لە شاری هلسنکی. نوینەرانی حیزب ( جمال صالح، اسماعیل وەیسی، ریبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراق ) ، چاویان کەوت بە لیپرسراوی پەیوەندی نیونەتەوەیی حیزبی ناوبراو Tero Shemeikka، کە ویرای خستنە بەردەستی بەلگەو نوسینەکان و نوسخەیەك لە هەوالەکەی بلاوکراوەی کیهان ، باسیکی هەمەلایەنەیان کردبوو لە پەیوەند بە هیرش و ملهوری یەکانی یەکیتی نیشتمانی یەوەو، لیپرسراوی سوشیال دیمکراتەکان نیگەرانی حیزبی خوی دەربریبوو لەو هیرش وتاوانانە. شایانی باسە کە ریبوار احمد سکرتیری کومیتەی مەرکەزی حیزب لە ریزی پیشەوەی خوپیشان دەراندا بوو کە جگە لە ئەندامان و دوستانی حیزب ژمارەیەك لە خەلکی ئازادیخواز بەشداری ئەم خوپیشاندانەی کرد، کە لافتەو تراکتی جواروجوریان لە پەیوەند بە پیشیلکاری‌یەکانی یەکیتی‌یەوە بەرزکردبوەوە. .

3-ولاتی ئەلمانیا: لەشاری کولن ئەندامان ودوستان و خەلکی ئازادیخواز بە شداری خوپیشاندانی دژی ملهوری‌یەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانیان کرد لە بەرانبەر مقەری سوشیال دیمکراتی ئەم شارەدا ، نوینەرانی حیزب ( صالح سەرداری، ئاری ئەحمەد، صالح گەویلی ) چاویان کەوت بە لیپرسراوی حیزبی ناوبراو. سەرەرای خستنە بەردەستی بەلگەو نوسینەکانی حیزب و وینەیەك لە هەوالی نیو روژنامەی کیهان درایە دەستیان. شایانی باسە ، کە لیپرسراوی حزبی سوشیال دیموکرات رایگەیاند کە روژی دووشەممەی داهاتوو وەلامی رەسمی سەرکردایەتی حزبەکەیان بە داوای خوپیشاندەران دەداتەوە.

3- ولاتی ئوستراليا: ریکخراوی حیزب لە شاری سدنی بە هاوبەشی کەسانی ئازادیخواز، خوپیشاندانیکیان ریکخست لەبەردەم پەرلەمانی استرالیادا، نوینەری حیزب ( شمال علی) ونوینەری ریکخراوی سەربەخو ( لیلی محمد ) و لیپرسراوی فیدراسیون لە استراليا ( زینب رحیم ) چاویان کەوت بە لیپرسراویکی پەرلەمان، سەرەرای خستنە بەردەستی نوسین وبەلگەکانی حیزب دژ بە یەکیتی نیشتمانی، یاداشتنامەیەکی نارەزایەتیان بە ئیمزای 180 کەس دایە دەست ئەو لیپرسراوە. خوپیشان دەران لافتەو تراکت و شیعاراتی جوراوجوریان بەرزکردبوەوە دژ بە پیشیلکاری وتاوانەکانی یەکیتی نیشتمانی.

- سەردان وچاوپیکەوتنەکان: ریبوار عارف روژنامەی فنلندی (Kotima و Suomimaa ) ریبورا عارف روژنامەی سویدی Hufvudstadsbladet ،
- نامەی نارەزایەتی ئەحزاب و لایەنەکان: نامەی نارەزایەتی ئەم حیزب و لایەنانە ئاراستەی جلال تالەبانی کراوە.
- ئاکمسیونی مەسیحی دژی تەعزیب لە سویسرا ( ACAT )، حزبی کاری نوی‌ی سویسری (Neuepda )، ئەمنستی ئەنتەرناسیونال لەروژی 8/16دا بەلگەیەکی نارەزایەتی دژ بەیەکتی بلاوکردەوە وئاراستەی حیزب و لایەنە نیو نەتەوەیی یەکانی جیهان کراوە، ودەست بەجی داوای ئازادگردنی صادق نیکبین دەکات کە ترسی تەسلیم کردنەوەی هەیە بە کوماری ئیسلامی ئیران لە لایەن یەکیتی نیشتمانی‌یەوە،.
- سەردان ودیدارەکان:
- حزبی چەپی سویدی لەگەل سکرتیری نیونەتەوەیی حزبدا Hans Arvidson لە لایەن سامان کریم وشنە احمدەوە روژی 8/16/، ئەمنستی ئەنتەرناشیونال لە هولندا لەگەل Scharel Schoenmaker لەلایەن ریناس عارف وە روژی 8/18/، سوشیال دیمکراتی سوید لە یوتوبوری لەگەل Per Svensson لە لایەن ( بەکر ئەحمەد، رعد سلیم، ساردین) وە لەروژی 8/17 دا/ کوری خسرو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حککع لە لندن لە پەیوەند بە هیرشەکانی یەکیتی‌یەوە./ سەردانی وفدێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەسەرۆکایەتی رەمزی قرتال لە بریتانیا وەلەلایەن خسرو سایە و ئاسۆ کەمالەوە پێشوازیان لیٚ کرا. 8/14 سەردانی وەفدی حیزب کە پێکهاتبوون لە ئاسۆ کمال و دەشتی جمال سەردانی الاتحاد الدیمقراگیین العراقیین یان کرد کە لەلایەن سکرتیری الاتحاد فاروق رچاعە ئەندامی مەکتەبی سەرکردایەتی‌یەوە پێشوازی کران / سەردانی حسین عقراوە لە لندن لە ئەمنستی ئەنترناشنال و میدل ئست ویچ/ لە 8/15دا وەفدی حیزب کە پێکهاتبوون لە خسرو سایە و ئاسۆ کەمال و دەشتی جمال سەردانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن جواد ملا سکرتێری کۆنگرەکە پێشوازیان لیٚ کرا./ لە 8/15دا هەمان وەفد چاویان بە دکتۆر محمود عوسمان کەوت.

2000/8/19

### پاشماوەی نارەزایەتی لەدژی...

ئامادەیی هەلویست گرتنیان لەدژی ئەم کارە دەربڕی .

*هەمان وەفد لەهەمان رۆژدا , سەردانی کۆری زانیاری کوردیان لە شاری هەولیر کردو لە لایەن د.شوکر مستەفاوە پیشوازیان لی کرا. بەهەمان شیوە قسەوباس لەسەر هیرشەکانی یەکیتی بۆ سەر حیزب کرا. د.شوکر مستەفا نیگەرانی و بیزاری خۆی لەو کردەوەیەی یەکیتی نیشان داو ئامادەیی دەربری کە لە هەر موناسەبەتیکدا کە بیتەپیشەوە لە دژی ئەو تاوانە قسە بکات.

*هەمان وەفد لە هەمان رۆژدا سەعات 7ی ئیوارە سەردانی مالی شەرفخانی بەتلیسیان کرد لەشاری هەولیر و لە لایەن د.فەرهاد پیربالّەوە پیشوازیان لی کرا. لە دانیشتنیکدا قسەوباس لەسەر هیرشەکانی یەکیتی بۆ سەر حیزب و ئازادی سیاسی کراو د.فەرهاد ئامادەیی دەربری بۆ هەلّوێست دەربرین بەرامبەر بەو کارەی یەکێتی .

*رۆژی 13 / 8 /2000 وەفدێکی حزب کە پێکهاتبوو لە عبداللە محمود و مؤید احمد و هیوا ئەحمەد سەردانی یەکێتی نووسەرانی کوردی لە شاری هەولێر کرد. لەلایەن مەهدی خۆشناو سەرۆکی یەکێتی یەکەو فەیسەڵ دێهاتی و کەمال غەمبارو کەریم دەشتی و ئیسماعیل بەرزنجی و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی دەستەی بالاّی یەکێتی نووسەرانەوە پێشوازیان لیٚ کرا. لەو دانیشتنەدا قسەوباس لەسەر هێرشەکانی یەکێتی بۆ سەر حیزب و نارەزایەتی یەکانی خەلّك و رۆشنبیران لە دەرەوەو ناوەوەی وولاّت لە دژی ئەم تاوانەی یەکێتی کرا، بەگشتی ئەوان نارەزایەتی خۆیان لە دژی ئەو کارە دەربری و ئامادەییان بۆ هەلّوێست گرتن لەدژی ئەو کارە نیشان دا.

### روونکردنەوەیەک لەژێر ئەشکەنجەدا

لە ژمارە 383ی رۆژی 8/18ی هەفتەنامەی" الاتحاد"، ئۆرگانی مەرکەزی یەکێتی نیشتمانی‌دا روونکردنەوەیەك بلاّوکراوەتەوە سەبارەت بە هەواڵی دەستگیرکردنی دوو لاوی فەلەستینی بەناوەکانی (عصام سمیر عودە و حسام سمیر عودە) سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، کە لە رۆژنامەی "الزمان"دا بلاّوکر ابووەوە. لەم روونکردنەوەیەدا هەواڵی دەستگیرکردنەکە لە زمانی خودی ئەو دوو لاوە فەلەستینی‌یەوە بەدرۆ خراوەتەوە.

ئیمە بۆ رای گشتی جیهانی‌و ناوخۆیی‌و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو سەرجەم لایەنە سیاسیەکان‌و کەناڵەکانی راگەیاندن‌و هەموو ئەوانەی خۆیان بەلایەنگری مافە سەرەتایی‌یەکانی ئینسان دەزانن، رادەگەیەنین کە ئەم روونکردنەوەیە لەژێر هەڕەشەو تۆقاندندا نووسراوەو بە هیچ جۆرێك تەعبیر نی‌یە لە بیروڕای ئازادانەی ئەو دوو کەسەو بە پێچەوانەی ئیرادەو ویستی خۆیان ئەو پاکانەیەیان پێ کراوە . ئێمە تەنانەت دوای ئەو روونکردنەوەیە هەردوو ناوبراومان بینی کە ئەندامی ئێمەن‌و خێزانەکەشیان لە ژێر حمایەی ئێمەدابووە تا پێش پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حیزبی ئێمەو رێکخراوە جەماوەری‌یەکانی نزیك بەئێمە، ئاساری لێدان‌و ئەشکەنجەیان پێوە دیار بووکە بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو روونکردنەوەیەی هەفتەنامەی "الاتحاد" لێیان درابوو.یەکێك لەو دووبرایە بەناوی حسام سمیر عودە لەکاتی پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر کۆمیتەی سلێمانی حیزبمان کە رۆژی 7/16 لەکاتی گفتوگۆدا ئەنجامی‌دا ، دەستگیر کراو دواتر لەگەڵ زیاتر لە 60 ئەندام‌و کادری زیندانی ئێمە کە لە خۆپیشاندان یان لەسەر شەقامەکانی نزیك کۆمیتەکانی ئێمە کە بۆ کاروباری سیاسی سەردانیان کردبوو لەگەڵ وەفدی رابەرایەتی ئێمە کەرۆژی 7/16 دەستبەسەر کرابوون ئازاد کران بەو مەرجەی حیزبی ئێمە رادیۆو بارەگای سیاسی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی‌دا نەمێنێ. لەبەر ئەوەی کە هەردوو ناوبراو سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقن‌و تا ئیستا خۆیان‌و خێزانەکەیان لەژێر حمایەی ئەم حیزبەدابوون، بەلاّم ئێستا بەهۆی ئەوەوە کە خودی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن یەکێتی‌یەوە پەلامار دەدرێت‌و کادرو ئەندامەکانی دەگیرێن‌و بارەگاو چەکداری لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی‌دا نەماوە، بۆیە ژیانی هەردوو ئەو لاوە فەلەستینی‌یەو تەنانەت خێزانەکەشیان لە مەترسیدایە چونکە لە کوردستانی عێراق قانون‌و دەسەڵاتی میلیشیا بەرقەرارە. هەر لێرەوە داوا لە یو ئێن دەکەین کە ئەم خێزانە کە کارتی پەنابەری‌یان هەیە بەزووترین کات لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دوور بخاتەوەو سەلامەتی گیانیان دابین بکات. داوا لەرای گشتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەحزاب‌و لایەنە سیاسی و جەماوەری وکرێکاری‌یەکانی ناوخۆو دەرەوە دەکەین ئەم کارە سەرکوتگەرانەیەی یەکێتی نیشتمانی ئیدانە بکەن.

**سکرتاریەتی‌کۆمیتەی رابەریی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری**

# نارەزایەتیەکان دژی کردەوەی سەرکوتگەرانەی یەکێتی

خۆپیشاندانو نارەزایەتیەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وولات دژی کردەوەی ملهورانەی یەکێتی بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و باقی رێکخراوە جەماوەریەکان بەردەوامەو دەیان رێکخراوی سیاسیو کرێکاریو لایەنگری مافی مرۆڤو شەخسیاتی سیاسیو ئازادیخواز نامەی ئیدانەو نارەزایەتیان ناردۆتە سەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان.سەرباری ئەو نامەو راگەیاندنانەی لەلاپەرەکانی دیکەی ئەم بڵاوکراوەیەدا بڵاوکراوەتەوە لێرەدا بەشێکی دیکەیتان بە ئاکاداری دەگەیەنین:

وەفدێکی کۆمیتەی فنلندی حیزب رۆژی 8/2 چاویان بە جێگریسکتێری یەکێتی چەپی فنلندی راڵف سۆند کەوتو سەبارەت بە هێرشی درندانەی یەکێتی بۆ سەر حیزبو رێکخراوی سەربەخۆی ئاقرەتان قسەو باسیان کرد و داوایان کرد کە یەکێتی چەپی فنلەندی نامەی نارەزایەتی بۆ یەکیتی نیشتمانی بنیرن. ئەوە بوو هەمان رۆژ ریکخراوی ناوبراو نامەیەکی نارەزایەتی ئاراستەی یەکیتی کرد، هەروەها هەمان رۆژ وەفدیکی حزب بە مەسئولیەتی سامان کریم مەسئولی ریکخراوی دەرەوەی وولات سەبارەت بە هەمان مەسەلە چاوی کەوت بە لیپرسراوی پەیوەندیە گشتیەکان و کاروباری جیهانی حزبی سۆسیال دیموکراتی فنلندی کەوت و داوایان لێکرد کە حزبی سۆشیال دیموکرات 1–نامەیەکی نارزەایەتی بۆ یەکێتی بنێرێ. 2–نوینەری یەکێتی لە کۆبوونەوەکانی سۆشیال دیموکراتی جیهانی دەربکەن.

هەرەها کۆمیتەی سویدی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ئیران رۆژی 2000/8/3 لەبەر دەم بارەگای سەرۆك وەزیرانی سوید خۆپیشاندانێکیان وەرێخست دژی چاوپێکەوتنی یەکێك لە بەرپرسانی حکومەتی سویدی لە گەڵ کۆسرەت رسوڵ و خۆپیشاندەران شیعاری دژی یەکیتیان بەرزکرەوە, هەروەها فارس محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب ووتەیەکی بۆ خۆپیشاندەران خویندەوەو تیایدا باسی پەلاماری چەکدارانەی یەکیتی بۆ سەر حزب بە هاوکاری جمهوری ئیسلامی ئیران کرد, پاشان وەفدی هەردوو حزب چاویان بەیەکیك لە بەرپرسانی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی سویدی کەوت و سەبارەت بە هیرشی یەکیتی بۆسەر حزب و سەنتەری پاریزگاری ژنان و منالان کرد, وە هەموو ئەو بەڵگە نامانەیان پێشکەش کردن کە لەم بارەیەوە دەرچووبوون, پاشان خۆپیشاندەران بەرەو بارەگای سەرەکی حزبی سۆشیال دیموکراتی دەسەڵاتدار وەرێ کەوتنو چەندین بەیانامەو نامەی نارزایەتیان پێشکەش کردن. هەروەها رۆژی 8/16 وەفدێکی کۆمیتەی سویدی حزب سەردانی بارەگای حزبی سۆشیال دیموکراتیان لە شاری یۆتۆبۆری کرد و چاویان بە پێر سیڤن سن بەرپرسی یەکەمی حزب لەم شارە کەوت و سەبارەت بە پەلامارەکەی یەکیتی قسەیان لە گەڵ کردو داویان لێکرد کە حکومەتی سویدی فشار بخاتە سەر یەکێتی بۆ ئەوەی دەست لە پێشێلکاریەکانی بەرامبەر بە ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤ هەڵگرێ. شایانی باسە ناوبراو بەڵێنی دا کە حکومەت لەم مەسەلەیە ئاگادار بکات و هەولیش بدات بۆ ئەوەینامەی نارەزایەتی بکاتە سەر یەکێتی. هەر هەمان رۆژ وەفدێکی حزب و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان چاویان بە بەرپرسی پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتی حزبی چەپی سویدی کەوت و سەبارەت بە پەلامارەکانی یەکێتی بۆ سەر حزب و سەنتەری پاریزگاری لە ژنان و لە منالان قسەوباسیان کرد. نوێنەری حزبی چەپی سویدی نارەزایەتی خۆی لەم کارانەی یەکێتی دەربڕی و ئیشارەی بەوە کرد کە کە لە کاتی گیرانی هاورێیان عمارو یوسف و فهد دانامەی نارەزایەتیان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی ناردووە و ئێستاش هەوڵ دەدات حزبەکەی هەمانە کار بکات .

کۆمیتەی حزب لە ئوستراليا سەرباری بڵاوکردنەوەی بەياننامەو راگەياندنەکانی حزب لە رۆژنامە عەرەبیەکانی ئوستاليادا وەکو بەيرەق و تەلەگراف وە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ راديۆ و تەلەفيزيۆنەکانی ئوستراليادا, رۆژی 7/18 لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی ئوستراليا بە هاوکاری لە گەڵ حزبی کۆمۆنيستی کريکاری ئيران خۆپيشاندانێکيان بەرێخست دژ بە تاوانی يەکێتی نيشتمانی . لە و خۆپيشاندانەدا سەر باری قسەو باسی هاورێ شەماڵ علی کادری حزب ,ليرپهاتۆن ئەندامی مەجليسی تەشريعی و نوينەری فراکسيۆنی سەوز لە پەرلەمانی ئوستراليا و فليپ دافی ئەندامی سەرکردايەتی يەکێتی کريکارانی بيناسازی و دارستانەکان ووزەو کانەکان لە ناوچەی نيوساوس ويلز قسەيان بۆ خۆپيشاندەران کرد و ئەم کارە دزێوەی يەکێتیيان، مەحکوم کرد.هەروەها رۆژی 7/22 لە مەراسيمی ساڵرۆژی دامەزراندنی حزبدا , سکرتێری سەنديکاکانی کريکارانی کانەکان و دارستانەکان هەروەها سکرتيری گشتی حزبی سۆشيالستی ديموکراتی ئوستراليا پشتيوانيان لە حزب کرد لە بەرامبەر تاوانەکانی يەکيتی دا هەرەها سەرسورمانی خۆيان لە دەوری بەرچاوی حزب لە ساحەی سياسی عيراقدا نيشان دا. هەروەها رۆژی 8/24 ليلی محمد ئەندامی کۆميتەی ئوسترالياي حزب بە ناوی لجنەی پارێزگاری لە مافەکانی ژنانی عيراقی سيمينارێکی لە زانکۆی سدنی بەست کە لە لايەن يەکێتی قووتابيانی زانکۆی ناوبراوەوە بۆی سازدرابوو کە لەو سيمينارەدا سەبارەت بە وەزعی مەينەت باری ژنان لە کوردستانی عيراق و دەوری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری ژنان قسەوباسی کردو هاوکات فليمێکيان لەسەر سەنتەری پاريزگاری ژنان و چەند چاوپێکەوتن لە گەڵ ژنانی ناو سەنتەردا بۆ ئامادە بووان نمايش کرد هەروەها سەبارەت بە پەلاماری دڕندانەی يەکێتی بۆسەر رێکخراوی سەربەخۆو سەنتەر قسەوباسی کرد کە بووە جێگەی نيگەرانی و نەفرەتی ئامادەبوان و هەموو جۆرە ئامادەيیيەکيان نيشاندا بۆ هاوکاریکردنی رێکخراوی سەربەخۆ و سەنتەری پارێزگاری ژنان.هەمان رۆژ وەفدێکی ليژنەی پارێزگاری لە مافەکانی ژنانیعيراق کە پێکهاتبوو لە رێزان نادر و ليلی محمد چاويان کەوت بە فيکیبۆرن ئەندامی حزبی ديموکراتی ئوسترالی و ئەندام پەرلەمانی ئوستراليا سەبارت بە هێرشی يەکێتی بۆسەر رێکخراوی سەربەخۆو سەنتەری ژنان, سەرباری ئەوەی کە بەڵێنی هاوکاریکردنی پێدان ئامادەيی دەربڕی بۆ ناردنی نامەی نارەزايەتی بۆ يەکێتی نيشتمانی. هەر هەمان رۆژ و هەمان وەفد چاويان بە سکرتێری حزبی شيوعی ئوسترالی کەوت و سەبارەت بە هەمان مەسەلە قسەوباسيان لە گەڵ کرد.بەڵێنی پێدان کە نامەی نارەزايەتی بۆ يەکێتی بنێرێ هەروەها نامە بۆ سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان لە ناوچەکەدا بنێرێ بۆ پشتيوانی کردنی ئەم مەسەلەيەو هاوکات داواش لە حزبە شيوعیيەکانی ديکەی دنيا بکات کە لە ريگەی ناردنی نامەی نارەزايەتیيەوە بۆ يەکێتی نيشتمانی ئەم کردەوە تاوانکارانەيە مەحکوم بکەن.

رۆژی 8/18 کۆميتەی بەريتانيای حيزب لەهۆڵی دانشگای لەندەن کۆرێکی بۆ خەسرەو سايە ساز کرد بۆ قسەو باس لەسەر هێرشو پەلاماری چەکدارانەی يەکێتی بۆ سەر حيزب کە لەو کۆرەدا نوێنەری چەند حيزبو رێکخراوی سياسی ئامادەبوون.

هەروەها لەبەرواری 2000/7/30دا کۆميتەی ئوسترالياي حيزبی کۆمۆنيستی کرێکاريی عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ حيزبی ديموکراتی سۆسياليستی لە ئوستراليا ئێوارە کۆڕێکی هاوپشتیيان لەگەڵ خەڵکی عێراق لەدژی گەمارۆی ئابووری سازدا. لەم ئێوارە کۆڕەدا زياتر لە 120 کەس ئامادەبووو چەندين وتە بەم بۆنەيەوە لەلايەن ڕابەرانی کرێکاریو نوێنەرانی ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی دژ بە گەمارۆی ئابووریيەوە پێشکەشکرا.

## یەکێتی ئەوروپا بەدەم داواکارییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە دێت !

ویلیم سلیث، نوێنەری هەیئەی یەکێتی ئەوروپا لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا لە نامەیەکیدا بۆ (ئاسۆ کمال) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە بەتاریخی 2000/8/1 نوسیوێتی پێداگری کردووە لەسەر بەرزکردنەوەی داواکانی حیزب بۆ بنکەی سەرەکی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل. ئەم داوایانەش کە حیزب خستبوویە بەردەمیان پەیوەست بوو بەو هێرشو تاوانکاریانەی کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەشاری سلێمانی کوردستانی عێراق ئەنجامدرابوونو بوونە هۆی کوژرانی 5کەس لە ئەندامانی حیزبو داخستنی هەموو بارەگاو نوسینگەکانی حیزبو رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو پەناگەکانی پاراستنی ژنانو منالان.

هەروەها لە نامەکەی نوێنەری یەکێتی ئەوروپادا هاتووە کە لەو داواو مەسەلانە ئەکۆڵنەوە کە خراوەتە بەردەمیان بۆ فشاردانان لەسەر یەکێتی نیشتمانی بۆ دەستهەلگرتن لە پێشێلکارییەکانی بۆسەر ئازادییە سیاسییەکان لە کوردستان.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق – بریتانیا**-2000/8/2

**هەر لە یەیوەند بە سەرکوتگەریو ملهورییەکانی یەکێتی ژمارەیەك بەیاننامەو راگەیاندن لەلایەن ئەندامانی رابەری و کادرانی حیزبو کۆمیتەکانیحیزبەوە لەناوەوەو دەرەوەی وولات بڵاوکراونەتەوە، لێرەدا ئیشارە بە هەندێکیان دەکەین:**

وەلامێك بە "سالح عبدالله"ناسراو بە "ستران عبدالله" یەکێك لە دەستەی نووسەرانی کوردستانی نوێ لە لایەن هێمن محمد احمدەوە. بە یاننامەی ئاسۆ کمال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حککع و سەرنووسەری گۆڤاری ریفراندۆم لە 2000/8/4لە ژێر ناوی "یەکیتی –جمهوری ئیسلامی گێت" لە ریسواییەکی گەورەو شکستێکی گەورەو بەرین! وەڵام بە نووسینەکانی کوردستانی نوێ دژی حزب لە ژێر ناوی" قەڵەمەکانتان هەرزانتر فرۆشت لە ئازادی" لەلایەن سالار رشید– سویسرالە 2000/8/11. راگەیاندنی ریبوار ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی لەژێر ناونیشانی "جلال تالەبانی هەولی بێهودە بۆ داپۆشینی راستیەکان 8/20. نامەی ریبوار ئەحمەد بۆ ئەمنستی ئەنتەر ناسیونالْ و هیومان رایتس ۆچ وخاچی سور و رێکخراوی جیهانی دژی ئەشکەنجە 8/20. راگەیاندنی رێبوار ئەحمد لە ژێر ناوی حزبەکەی جلال تالەبانی لە ملهوڕی چەکدارانە بۆ سەرکوتی سیاسی بەربڵاو 8/27.راگەیاندنی کۆمیتەی نەرویجی حزب 8/22 . راگەیاندنی رێکخراوی دەرەوەی وولات 8/28. بەیاننامەی موئەید ئەحمد لەژێر ناوی " جمهوری ئیسلامی ئیران سوپاسی یەکێتی دەکات بۆ تاوانەکانی بە دژی حککع8/4, هەروەها بەیاننامەیەکی تری موئەید ئەحمد لە ژێر ناوی " گاڵتەجاڕی یاساو حکومەت ,بەهانەی لێدان و مەرجی هەڵسورانیحککع" لە وەڵام بەقسەکانی مستەفا چاوڕەش بڵاوکراوەتەوە 8/25– بە یاننامەی تاهر حسن لە ژێر ناوی " جریدەی کەیهان بە کرێگیراوی تالەبانی و نەوشیروانی ئاشکرا کرد" 8/5 . بەیاننامەی سامان کریم لە وەڵام بە لێدوانەکانی مستەفا چاورەش 8/24 . راگەیاندنی ریکخراوی دەروە سەبارەت بە راونانو چوونە سەرماڵانی ئەندامان و دۆسانی حزب و ریکخراوی سەربەخۆ لە لایەن یەکێتی یەوە8/25 . راگەیاندنی بڵاوکراوەی هەمبەستەگی "واتە هاوپشتی"–بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئیرانی. هەروەها ریبوار ئەحمەد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی بەیاننامەیەکی سەبارەت بە بۆردومانی خەڵکی ناوچەی سیدەکان لەلایەن فرۆکەکانی دەوڵەتی تورکیاوە بڵاوکردۆتەوە, کۆمیتەی رێکخراوی کوردستانیش لسەر هەمان مەسەلە بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە. سەنتەری پارێزگاری ژنان

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!**

سەبارەت بە تیرۆرکردنی نەسرین عزیز راگەیاندنێکی لە 2000/8/6دا بڵاوکردۆتەوە.

# نامەی ناڕەزایەتی و مەحکومکردنی یەکێتی

## ناڕەزایەتی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر بەرامبەر هێرشەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان

### دەبێ ئازادی سیاسی بپارێزرێ!

هەروەك ئاشكرایە كەپەنا بردن بۆ چەك و زەبروزەنگ بۆ چارە سەری كێشەكانی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەكان پێ شێلكردنی ئاشكرای ئازادی هەڵسورانی سیاسی و دیموكراسی ومافەكانی مرۆڤ و تێكدانی ئاسایشی خەڵكە، وخەڵكی كوردستان بەتووندی دژی ئەو جۆرە كارانەن.

بەداخەوە یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەبێ گوێ دانە بەویست و ئارەزووەكانی خەڵك پەنای بردە بەر چەك وسەركووت بۆ چارەسەری كێشەكانی نێوان خۆی‌و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق، لەبری دایەلۆگ وگفتوگۆ ، ڕۆژی 2000/7/13 هێزەكانی ئاسایشی سلیمانی تەقەیان لەخۆپیشاندانی دۆست و لایەنگرانی حككع كردو، ڕۆژی دواتریش گەمارۆی سەربازی مەقەرەكانی ئەو حیزبەی داو لەجەرگەی شاری سلێمانی‌دا (5) لەئەندامانی حككع كوژران وە هەروەها دەیان لەئەندامان و لایەنگران دەستگیر كران و مەقەرەكان و رایۆدكەیان بە زۆری چەك داخرا، سەرباری ئەمەش سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منداڵان، وە سەنتەری پارێزگاری ژنان لەكوردستان وە مەقەری ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەلایەن هێزەكانی ئاسایشەوە داخران.

ئێمە وێڕای ئەوەی كەئەم كارە مەحكوم دەكەین، لەهەمان كاتدا داوا دەكەین كە تاوانبارانی ئەو ڕووداوە دەستنیشان بكرین و بدرێنە دادگاو هەروەها داوا دەكەین كە یەكێتی نیشتمانی كوردستان هیچ ڕێگرییەك نەخانە بەردەم هەڵسورانی ئەم حیزبەو هیچ یەك لەڕێكخراوەكانی ترو زیندانی‌یەكانیش دەستبەجێ ئازاد بكات:

**ئیمزاكان**

| | |
|---|---|
| د . فەرهاد پیربال | مامۆستای زانكۆ |
| عبدالرزاق علی | |
| بەرهەم عەلی | |
| دیار جاف | |
| جلال الیاس | |
| خانزاد احمد | |
| وشیار ئەحمەد ئەنوەر | |
| ئومێد عبدالمجید | |
| ماجد نووری | |
| میكائیل ئیراهیم | ڕۆژنامەنووس |
| مغدید هەولێری | |
| بەیار فائق | |
| بەخیتار سەعید | ڕۆژنامەنووس |
| ڕۆوف ڕەباتی | نووسەر |
| ممتاز حەیدەری | ڕۆژنامەنووس |
| لوقمان محمد | ڕۆژنامەنووس |
| خاڵە حەمرین | شاعیر |
| هەژار | نوسەر |
| نورەدین سەعید ویسی | ڕۆژنامەنووس |

**ناوەڕاستی ئابی 2000**

### چەكەكانتان فڕێدەن

دەر ما ماز ە پلۆرالەزم ە ەەتو مۆی دیمویمراسیە بیمەنییم

پەنابردن بۆ چەك و بەكار هێنانی تیرۆر و زەبرزەنگ ،هیچ كاتێ ناتوانێ كێشە گەورەو هەڵایساوەكانی كۆمەڵگەی ئێمە چارەسەرو یەكلا بكاتەوە، شێوازی زەبروزەنگ ئازادییەكان بەرتەسكتر دەكاو مافەكانی مرۆڤ پتر پێ شێل دەكا و گشت دەرگاكانی دیموكراسیزم وفرەیی و بنیاتنانی كۆمەڵگەی مۆدێرن و مەدەنی دەداخا.

ئێمە وەك كۆمەڵی نووسەرو ڕۆشنبیر لەدژی هەموو جۆرە تیرۆرو زەبرو زەنگێكی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی دەوەستین و لێدانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق مەحكوم دەكەین ، بەتایبەتی داخستنی هەرسێ ڕێكخراوی (سەنتەری پارێزگاری لەژنان) و (سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منداڵ)و (ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان)، ئەمڕۆ كوردستان لەهەر ڕۆژێ زیاتر پێویستی بەو چەشنە ڕێكخراوانە هەیە بۆ پارێزگاری و پاراستنی ژیان و مافەكانی ژنان و منداڵان.

داوا دەكەین ڕێگە لەهیچ حزب و ڕێكخراو یانەو دامەزراوێكی سیاسی‌و ڕۆشنبیری و جەماوەری بۆ كاركردن نەگیرێ و ، فەزایەكی كراوەو ئازادو دیموكراسی‌و شایستە بەمرۆڤ بڕەخسێنرێ.

**ئیمزاكان**

| | |
|---|---|
| عبدالمطلب عبدالله | فاضل عباس |
| هەژار | حیدر لشكری |
| نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | نورەدین سەعید وەیسی |
| شەماڵ نوری | وشیار ئەحمەد ئەسوەد |
| ماجد نووری | زیرەك كەمال |
| ڕەئوف ڕەباتی | ئومێد عبدالمجید |
| ئۆژین عزەت | خاڵە حەمرین |
| بەختیار سەعید | هۆشەنگ كەریم |
| نیهاد حاجی | زیاد كریم |
| ممتاز حیدری | میكائیل ئیراهیم |
| عزالدین مجید | ڕزگار عبدوللا سەعید |
| لوقمان محمد | مغدید هەولێری |
| كەریم كاكە | خالد عوسمان |
| عبدالرزاق علی | بەیار ئاكرەیی |
| هۆشیار بەكر | حەمە عەباس |
| بەرهەم عەلی | بدیعە حسن |
| حمە كریم | مەریوان فەقێ كریم |
| دیار جاف | یوسف ڕەشید |
| ئاسۆ جەلال | حیدر صابر شوانی |
| جلال الیاس | فرمان قادر |
| عبدالله خالد | سامان كاوانی |
| خانزاد احمد | فەرهاد عەونی |
| معتصم عبدالرحمن | نەبەز بێبەش |

**2000/8/17**
**هەولێر**

چەند بەشێك لە

### "نامەیەكی كراوە بۆ سەركردایەتی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان"

"شانازی بە داگیركردنی دام و دەستگای كۆمۆنیستەكان دەكەن؟،ڕێكخراوی ئافرەتان و مناڵان دادەخەن؟، ناتانەوێ هیچ شێوەیەكی ڕێكخراوەیی وەها هەبێ كە سەڵتەنەتی حوكمی جەورتان بلەقێنێ. ئێوە بەئەزمونی دابەشكردنی ڕەنگ و زەنگ بەرەو لێڕەواری شەڕی براكوژیتان بردین، ئێمە لە چ هەردەڵانێ سروودمان دەچڕی و، كەوتینە كامە سارا. ئەو مەرامە شوومەی ئێوە هەتانە بۆ كوژانەوەی تروسكەی بەرامبەربونەوە خەیاڵە، ئەوە مەرامی بەزیندو چاڵكراوی هەموو دیكتاتۆرێك بووە، بەڵام مێژوو دەڵێ كە خەونەكانی میللەت ڕاستەقینەترو، بەرجەستەبووترن.

ئێمە حاشا لە بۆچونە قەبەلی یەكانتان دەكەین، ئەم شەرعی قامچیەی بۆتە سیماتان، ڕێگرە لەوەی بەسەربەستی خەونەكانمان سەوزبن. ئێمە لەهەناوی ئەو شەهیدانەوە ڕووتان تێدەكەین كەبە ڕاوەستانیان بەرامبەر جەمعی تارتان، سبەینێیەكی ڕونتر و، ئاسۆیەكی ڕەنگاڵەتریان دەدیت.

بەسۆشیال دیموكراتیتان ڕشانەوەمان دێ، بە دروشمی كوردایەتی درۆتان پێناسمان دادەچڵەكێ، بەشیعاری مافی مرۆڤتان دەتۆقێین، هەستن تۆز لەسەر دەسرۆكەی غیرەتتان بتەكێنن و، بوخچەو ساكەكانتان بەن بە شانتاناو، بەرەو هەوارێكی دی بڕۆن، واز بێنن، بەشكم خۆمان بتوانین لە جەستەی زامدار كوردسانێ و، لە ئەشكمان بارانێ بخولقێنین."

| | | |
|---|---|---|
| عباس بۆسكانی | دكتور محمد كمال | حسین جهانی |
| شاعیر | نووسەر و ماموستا لە زانكوی ملبورن | هونەرمەندی شانۆیی |

### نامەی ناڕەزایەتی بۆ یەكێتی نیشتمانی كوردستان

ئێمە ئیمزا كەرانی خوارەوە بەتوندی هێرشی چەكدارانەی هیزەكانی یەكیتی نیشتیمانی كوردوستان بۆ سەر بنكەكانی حزبی كومونیستی كریكاری عیراق و كوشتاری ئەندامانی ئەو حزبە لە شاری سلیمانی محكوم دەكەین .

بەكار هێنانی چەك لە دژی هیزیكی سیاسی رادیكال و پیشكەوتوخواز بۆ رازی كردنی دلی رژیمە كۆنەپەرستەكەی كوماری ئیسلامی و رژیمی بەعس ماهیەتی سیاسی یەكیتی نیشتیمانی دەردەخات .

**لایەنەكان:**

1. كومەلەی لاوانی كورد /یوتوبوری_سوید
2. رادیو هاوپشتی / یوتوبوری _سوید
3. بلاوكراوەی كاریكاتیر_سوید
4. دەستەی نوسەرانی گوڤاری هانا لە سوید
5. نوینەرایەتی كمپینی دیفاع لە مافی ژنانی كوردوستانی عیراق لە سوید
6. فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە سوید
7. فدراسیونی_همبستگی پەنابەرانی ئێیرانی _یوتوبوری
8. نوینەرایەتی سەنتەری ژنان لەكوردوستان _سوید

چەند بەشێك لە:

### هەڵسوورانی ئازادی سیاسی و رادەربڕین ڕێزلێبگرن!

**بۆ/ بەڕێز مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان**

"پاراستن و ڕێزگرتنی مافە سەرتاییەكانی مروڤ مافی: ئازادی هەڵسوورانی سیاسی, دەربڕینی بیروڕا, فیكر, ئایین, ژیان و كارو نیشتەجێبوون و هاتوچۆ, دامەزراندنی كوڕ و كۆمەڵی سیاسی و پیشەیی و كولتوری, مانگرتن, خۆپیشاندان...هتد. لە خەسڵەت و سیماكانی ناسینەوەی دەولەت و كۆمەڵگا شارستانی و هاوچەرخەكانی ئەم سەردەمەن."

"من لە سۆنگەی هەستی ئینسانی و نیشتمانی خۆم و پەرۆشیم بۆ پاشە ڕۆژی سیستەمی سیاسی و بزووتنەوەی كومەلایەتی لە كوردستاندا, لە ئاست ئەم ڕووداوەی دوایی نێوان دەسگای ئاسایش و حیزبی كۆمۆنیستی كارگەری بە دەنگ دێم و دڵنیاتان دەكەمەوە كە ئەو جۆرە هەڵس و كەوت و ڕەفتارانە دەڕژێنە بەرژەوەندیی هێزە كۆنەپارێز و ئەقلژەنگ گرتووەكانی كوردستان و دەرەوە و لە پلەی یەكەمدا لەمپەرێك دەبن لە بەردەم بزوواندنی ئەو پرۆسە سیاسی و كۆمەلایەتیە وەگەڕكەوتووەی كوردستان كە هەموو لایەك ئومێدێكی گەورەیان لەسەر داناوە."

"من وەكو كوردێك كە پاراستنی مافی مروڤ و ئازادیی بیروڕا خەمی گەورەمن, هیوادارم:

- كۆمیتەیەكی لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ڕووداوی كوشتنی پێنج ئەندامی چەكداری كۆمۆنیست و پۆلیسێكی دەسگای ئاسایش دابنرێت و ئەنجامی گەڕان و تەحقیقاتەكەی بدرێتە دادگا و تاوانباران دادگایی بكرێن.
- كەناڵی گفتو گۆ و دانوستاندن لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریدا وەگەربخرێتەوە و هەوڵی چارەسەری كێشەكان بە ئاشتیانە بدرێن.
- پاراستنی ژیانی ئەو كەسانەی بە دیل گیراون زامن بكرێت و ئازاد بكرێن.
- تەرمی قوربانیانی ڕووداوەكە بدرێنەوە كەسوكاریان وبەڕێزەوە بنێژرێن! ."

**پشكۆ نەجمەدین**
**سوید- یولی /2000**

**وێنەی بۆ: -ناوەندی راگەیاندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان.**
**-ڕۆژنامەی "ئالای ئازادی" تكایە لەبەر حورمەتگرتنی ئازادی بیرورا , بلاوی بكەنەوە.**
**-ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژنامەی پەیام/ لەندەن**
**-راگەیاندنی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق.**
**- رادیۆ كوردییەكانی ستۆكهۆڵم. - كوردستان پرێس**

## بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز

بەداخێکی زۆرەوە بیستمان کە لەچەند رۆژی رابوردودا لەناو شاری سلێمانی بەهۆی باری نائاسایی و تێکهەڵچونەوە چەند کەس لەئەندامای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو دوو پێشمەرگەی ئاسایش کوژران و بریندار بوون و زیانێکی تری گەورە بەرجەستەی خەڵکی کوردستان کەوتۆتەوە.

ئێمە وەك ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی بەپێویستمان زانی رای خۆمانتان لەسەر ئەو وەزعەی ئێستا لەئارادایە بۆ بنوسین کەدوابەدوای روداوەکان و وردبونەوە لەئێستاو رابوردوی کێشەکان لامان گەڵاڵە بوە:

یەکەم: ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لەشارەوانی سلێمانی دەکەین بۆ چۆڵ کردنی شار لەهێزی چەکدار، هەروەها ئەو بریارە بەهەنگاوێکی دروست ئەزانین و هەرلایەنێك دژی بوەستێ یاخود وەستابێ بەناشارستانی لەقەڵەم ئەدەین و بەلامانەوە مەحکومە.

دوەم: لەگەڵ ئەوشدا ئێمە زۆر نارازین لەوەی لەکاتی گفت وگۆی هەڤالانیم.س لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیست تەقە لەئەندامانی حیزبی ناوبراو کراوەو چەند کەس کوژراون، هەروەها گرتنیلێپرسراوانی حیزبی ناوبراو لەکاتی گفت و گۆداو راگەیاندنی ئەوەی کەدەبێ حیزبی ناوبراو بچنە ناوچەی (پارتی) و ناوچەی یەکێتی چۆڵ بکەن بەتەواوی دژ بەپرەنیسپی ئازادی رادەربرین ئەزانین ولایەنگری ناکەین.

سێهەم: ئێمە هەر جۆرە هەوڵدانێکی نایاساییو بەدەر لەدەسەلاتی دادگا بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن بێپاساوی مەعقول، بەرەفتارێکی ناشارستانیو بەسەرچوو ئەزانین و پێمان وایە کەسیاسەتی پاوانخوازی لەگەڵ بەرژەوەندە باڵاکانی میللەتی کورددا نایەتەوە ودەبێ رێگای پێنەدریو بەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو مەسەلانەی بەروونی دەستنیشان کردووە.

چوارەم: بەشەرمی دەزانین بۆ خۆمان وەك ئەندامانی یەکێتی کەهەر لەوکاتەدا حیزب و پارتە نەتەوەییو چەپەکان فشاری هەمە جۆریان دەخرێتە سەر، گروپ و رێکخراوە کۆنەپەرست و وابەستەکان بەکەیفی خۆیان بەکوردستان دا تەراتێن دەکەن و کەس یەخەیان پێناگرێ.

**بابەکر دڕەیی     سابیر کۆکۆیی     فەریدون کونجرینی**

لەندەن— 2000 -7 -21

## سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

سلاو

هەڵسوکەوتتان بە ئاگرو ئاسنو سەرکوتاندنەوە, لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراقدا, لەسەر مەسەلەیەکی ئاوەهاییدا, کە دەتوانرا بە شێوازی دی بە ئەنجامی پێویست بگا, نە پێویستی دەکرد, نە لەبەرژەوەندی حکومەتی هەرێمو جەماوەری هەرێمی کوردستاندا بوو نە لەگەڵ (سۆشیال دیموکرات)دا ڕێك دەکەوێ کە ئێوە لافوگەزافی هەڵگرتنی لێدەدەن.

ئەم ڕووداوە کارەساتی پشتئاشانیی بە بیر خەڵك هێنایەوە کە حەڤدە ساڵە پێی هەڵساوونو تا ئێستاش زامەکانی سارێژ نەبوونو دووبارەبوونەوەی ئەم چەشنە ئاکارە دوژمنو ناحەزان بۆ حکومەتی هەرێم زیاتر دەکا.

دادگاییکردنو سزادانی ئەو لێپرسراوانەی بوونە هۆی ئەم کارەساتە دزێوەو ئاشکراکردنیان لەوانەیە هەندێ لە کاریگەری ڕووداوەکە لەسەر جەماوەر کەم بکاتەوە. دەبێ هەڵگرتنی شێوازی دیموکراسی، هۆی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بێ لەگەڵ دڵسۆزەکانی جەماوەرەکەماندا.

ئیدی خۆشیتان

**خالید دلێر**

**سویسرە**_ 2000/8/6

## بۆ مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان

ئازادی هەڵسورانی سیاسی مافێکی سروشتی هەموو حیزب و لایەنێکە، هەر حیزبێك یان هەر لایەنێکی سیاسی دەسەلاتدار بێت یان ئوپوزسیۆن ئەم مافە بەرتەسك بکاتەوە یان زەوتی بکات، ئەوە لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا نایەتەوە و پرنسیپەکانی مافی مروۋ لە پێکهێنانی رێکخراوەی سیاسی وتەبلیغ و بەرپاکردنی خوپیشاندان و .......هتد دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

هەر بۆیە داخستنی بنکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هێرش کردنە سەریان تا رادەی کوشتنی 5 ئەندامیان کارێکی دژ بە ئازادی هەڵسورانی سیاسیە و بە قازانجی بزووتنەوە سیاسیە کۆنەپەرستەکان و ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە دەشکێتەوە.

—دەسکەوتە مەزنەکانی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لە بەرپاکردنی هەڵسورانی ئازادی سیاسی دەبیت بەرزوبەریز ڕابگیرێت. جیاوازی بیرورا لە نیوان لایەنەکاندا دەبێت بە شێوەی دیالۆگی سیاسیانە بچێتە پێشەوە، وە دوربێت لەبەکارهێنانی چەك و توندووتیژی.

—داواکارین لیژنەیەك پیك بهینریت بۆ لێکولێنەوە لەم ڕوداوەو ڕاستیەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکرێت.

—بارەگاوو بنکە ئیعلامیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وەك باقی لایەنەکانی تر، دەست بەکاری عەلەنی خوی بکاتەوەو زیندانیەکانیان ئازاد بکرین و تەرمی قوربانیانی ئەم کوشتارە بدرێتەوە بە کەس و کارو ئازیزانیان.

<u>وینەیەك بۆ:</u>

—رادیۆ کوردیەکانی شاری ستوکهولم

—دەزگای راگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

—بلاوکراوەی پەیام

00\8\5

**بەختیار مصتەفا**
**ئەمجەد شاکەلی**
**هۆمەر نوری**
**ئیبراهیم کاکەحەمە**

## تاوانبارن ئەوانەی خوێن دەرێژن و ئازادی زەوت دەکەن

خوێنرشتن و چەوساندنەوەی ئازادیخوازان، لەکوردستان یاخود لەهەر جێگایەك بێت، رەفتاری خوێنرێژان و چەوسێنەرانە. ئەم رەفتارانە پێچەوانەی ئاواتی خەڵکی هەژار و ئازادیخوازانی کودستان و جیهانە، بۆیە لەهەر جێگایەك بین، ئەرکی ئازادیخوازیو مرۆڤدۆستیمانە، روبەروی ئەم رەفتارە دژ بەخەڵکییە بوەستینەوە.

پەلاماری پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەباشوری کوردستان لەسلیمانی، کوشتنی ئەندامانی ئەم پارتە، تاوانێکی گەورەیە، گەرەکە بکەرانی بکێشرێنە بەردەم دادگا، لەکاتێکدا هەڵسوکەوت و ئەنجامدانی چالاکی ئەم پارتە لەچوارچێوەی یاسادایە، ئیدی داخستن و پێچانەوەی دەزگا سیاسیەکانیان، خوێنرشتنی ئەندامانیان ئەگەر کاری دژ بەدیموکراسیو ئازادی نەبن ناوی دیکەیان لێنانرێت.

خەڵکی کوردستان، خەباتیان دژ بەداگیرکردن و خوێنرێژیو بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و نەهێلانی خوێنرشتن و چەوساوەنەوە بەرپا کرد، ئەی ئەگەر ئەمرۆ یەکیتی نیشتمانی لەکوردستان خەڵك و نوێنەرانییان بچەوسێنێتەوە ئیدی دەبێت جیاکردنەوەی ئەم رەفتارانەیان لەگەڵ داگیرکەران و خوێنرێژاندا چ بێت؟.

بەئەرکی دەزانم، ئەم رەفتارە بەتوندی تاونبار بکەم، هەروەك پالپشتی دەکەم لەکێشکردنی بکەران و هەڵسورێنەرانی ئەم تاوانانە بۆ بەردەم دادگا، دیارە یەکێتی نیشتمانی بەرپرسی راستەوخۆیەو هەر ئەویشە گەرەکە وەلامی کۆمەلانی خەڵك بداتەوە.

ئیدی بەرەو چەسپاندنی ئازادی مرۆڤ، بەرەو نەهێلانی چەوسانەوەو هەڵکێشانی ریشکی کۆنەپەستان، بەرەو هاودەنگی بۆ یەکسانی و چەسپاندنی ئاشتی لەکوردستاندا.

**هەرێم جاف**
لەندەن

## نامەی نارەزایەتی( 28 ) نووسەرو هونەرمەندو شاعیرو رۆژنامەنووس له سویسرا

### ڕێگا نادەین, بەیانی بێپرشنگ بێو ئاییندەش بێڕەهەندی ئازادیو کوردستانیش بێپەپولەو بەهار

ئەو هێرشانەی لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە دەکرێتە سەر ئازادی سیاسیو مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش, سەر ئازادی ڕێکخراوبوونو پرۆژە ئینسانیو پێشکەوتووەکان, ئەو شێوازە میکافیلییانەو هیستریانەی کە بۆ نابوودکردنی ڕەوەندی مەدەنیەتو دژ بە هەڵدانی بزووتنەوە یەکسانیخوازو ئازادیخوازەکان گرتوویەتیەبەر بەتەواوی نزیك بووەتەوە لە کردەوەی حزبێکی دیکتاتۆری بێپەردە. کوشتار, زیندانی, نەدانەوەی تەرم... یاساغ کردنی هەڵسوڕانی_ سیاسی حزبو ڕێکخراوە جەماوەرییە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگا , زەنگی دەورەیەکی زۆر مەترسیدار لێدەدات. لێرەوەیە, ئێمە وەك کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی بواری کاری هونەرو ئەدەبو ڕۆژنامەنووسی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە هێرشی چەکدارانەو سەرکووتی خوێناوی ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو داخستنی بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنانو سەنتەری پارێزگاری ژنانو سەنتەری بەرگریکردن لە مافەکانی منالان بە کردەوەیەکی دژی ئازادی دەزانینولەبەرامبەر ئەو ڕەوەندەی کە دەیەوێ گوللەی گڕدار لەسەر پشتی پەپولەکان ساردکاتەوە, کە دەیەوێ بەهار لە وەرزەکان ووشك بکاتو بەیانیمان بێپرشنگ بێت, دەیەوێ سەرچنار بێقەڵبەزەو سەوزایی بێو ئەزمر بێسەیرانگاو سەما بێ, لەبری ئەوانە ئاپارتمانی بەرز بۆ پۆلیسو زیندان بێو گومەزی بەرزی مزگەوت سێبەری تاریك بکاتە سەریان... دەوەستینەوە, ئەو ڕەشاشانەی گوللەیان لە قورگدایە بۆ باخچەی دیموکراسی , دەمی دەگرین.. وە ڕێگە نادەینو بانگەوازمان ڕوو بە هەموو ڕۆشنبیرانە کە ئەو شارەی ڕەمزی پێشکەوتنو شارستانیەتە, لە ناوچەکە بپارێزنو ئەرکی ئێمەیە بەرپرسیاربین لە نەوەیەك بە خوێندەواریو لە شادیو پێکەنینیدا, لە شکاندنی سنووری حەرامەکانو تابووەکانو خوا زەبەلاحەکانو باوکە دڵڕەقو دیکتاتۆرەکان, ئێمەین دەبێ نەقشمان دیاری بکەین کاتێ دەسەڵاتدارەکان چەقۆ دێنن بە گەردنی باراناو لێمان دەخوڕن, جوان خۆتان داپۆشن... ئێمە خەڵکی هەڵاڵستانینو شەوانە شەرابی ئازادیمان دەوێ... ئێمە لە خۆزگەو خواستو ئارەزووە ئینسانییەکان سەرمان هێنایە دەرەوە, لە ئەمرو نەهیو دەقی قوڕاوی ڕزگارمان بووە... (ی.ن.ك) دەبێ عاقڵ بێو ڕێز بۆ عەقڵانیەتو بۆچوونو تێگەییشتنی جیاواز دابنێ.

<u>**ناوەکان :**</u>

1-گۆڤاری ژیلەمۆ_ گۆڤارێکی هونەری وەرزییە.
2- گۆڤاری دالیان_ گۆڤارێکی فەرهەنگی کۆمەلایەتییە.
3- گۆڤاری گاوریاغی_ دەنگی کۆمۆنیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکانە.
4- بلاوکراوەی روانین بلاوکراوەی فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقییە لە سویسرا.
5-جمال کۆشش_ سکرتێری پێشووی مەلبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری.
6- جوتیار ڕانیەیی_ شاعیرو ڕۆژنامەنووس.
7- عزت هێرانی_ سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی ئەمرۆ.
8- سالار ڕەشید_ توێژەرەوە.
9- ئالا ئەحمەد_ نووسەر.
10- رزگار محمود عبدالله_ هونەرمەندی پەیکەرتاش.
11-کاڤم جواد_ نووسەرێکی عێراقی.
12-شوان علی_ نووسەر.
13- سیروسی کسرائیبیان_ هونەرمەندێکی تەشکیلی ئێرانییە.
14- کاردۆ سەرباز_ شاعیر.
15- مەزن عەتا_ نووسەرو ڕۆژنامەنووس.
16-ئاسۆ بابان_ سکرتێری نووسینی پێشووی گۆڤاری پێشکەوتن.
17-شاسۆ علی_ نووسەر.
18- هیوا ناصح_ نووسەر.
19- عبدالله جندی_ نووسەر.
20- وشیار قادر_ نووسەر.
21- جزا حمە علی_ هونەرمەندی شانۆ.
22- گۆران عوسمان_ هونەرمەندی شانۆو ئەندامی تیپی شانۆی نینا.
23-کاروان عومەر_ هونەرمەندی بالیە.
24- سامدار کاکەیی_ وەرگێر.
25- ئارام داود_ نووسەرو ڕۆژنامەنووس.
26- ستاری پەیکەرتاش.
27_ نەبەز سەلیم_ سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی مامۆستای ئەمرۆ.
28_ ئازاد کریم_ نووسەر.

# گاڵتەجاڕیی یاساو حکومەت!

## بە هانەی لێدان و مەرجی هەڵسورانی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق!

مؤيد احمد

لـە وەڵامیـچەند پرسـیاری " کوردسـتانی نـوێ" ی ڕۆژی 24-8-2000 ، موسـتەفا چـاورەش لێپرسـراوی مەکتـەبی پەیوندیـیـە نیـشتمانیو نەتەوەییەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کۆمـە لێـك مەسـەلەی جـۆراو جـۆر بـاس دەکـات و قـسەی بـێ بناغـە و پـووچ دەڵێتـەوە سـەبارەت بـە کێشمەکێشی نێـوان حزبـی کومونیـستیکریکاری عـیراق و یـە کـێتی . دیارە چ پرسیارەکان و چ وەڵامە کان بۆ پاکانـەی تاوانـەکانی یـە کـێتی ودرۆکـردن لـە گەڵ جەماوەری خەڵکی کوردستاندا دارێژراوە، ئـەو جـەماوەرەی کەموسـتە فـا چـاورەش سـوێند بـە سـەریان دەخـوات و خـۆی و حزبەکـەی بـە پـارێزەری بەرژەوەندیـە کانیـان دە ناسـێنێ. لـە تـە واوی چـاوپێکەوتنە کـە دا موسـتەفا چـاورەش هەرچـی پێـی بـووترێ راسـتییە باسـی ناکـات و تـەواوی هـەوڵ و کۆششی بۆ ئەوەیە کەچۆن زەینی خە ڵك دوور بخاتەوە لە ئە سلی مەسـەلەکە و هۆ جەوهەریە کانی پشتی ئەو تاوان و سە رکوتەی کە یە کێتی کردویـەتی و دەیکات بە دژی حزب و بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان .

موسـتەفا چـاورەش هـەمان بـالۆرەی کـون دەلیتـەوە و پاسـاوی تاوانـەکان بـەوەدەکات کەیـەکێتی داوای لـە حککـع کـردووە مقـەرەکانی بگوێزێتـەوە دەرەوەی شارو و گوایا حککع رەفزیان کردووە وئەمنیەتی شاریان لا مـە تلـەب نە بووە. بەلام ئەم بالۆرە کونە هەم ساختە کردنە لـە گـەل جـەماو ەر و هـەم ئیهانە کردنیشە پییان چونکە هەموو کـەس بـاش دەزانـێ لـەنیوان ئـەوەی کـە داوا لەحزبێکی دیاری کراو بکرێت بۆئـەوەی مقـەرەکانی بەرێتـە دەرەوەی شـار تـا ئـەوەی هێرشـی چـەکدارانە بکرێتـە سـەری و قـە تـلَ وعـام بکرێـت، جیاوازیـیەکی زۆر گـەورە هەیـە و دوو شـتی تـەواو جیـان لەیـەك و هـەروا بـە ئاسانی لێك گرێ نادرێنەوە . لە نێوان ئەم داوا کارییە و قسە کـردن لەسـەری و تاحەدی گە یاندنی بە کوشتن و برین، چەندین رێگەی ئاشتیانە و گفتـو گـۆو دایەلوگ هەیە، و چەندین لایـەن و کـە سـایەتی و رێکخـراوی ئـازادیخواز و خـە ڵکانی وەك ئەو چل رۆشـنبیر و ئـەدیب ونووسـەر و هونەرمەنـدە ئازادیخوازانـە هەیە کە هەم مافێکی سروشتیانە ئاگادار بکرێن لە مەسەلەیەك کـە پەیوەنـدی بە ئاسایشی شارەوە هەیە وهەم دەکرێ بهێنرێنە ناوەوە بـۆ چارەسـەری ئـەو کێشەیەی کە یەکێتی ئەوەندە بۆی بە پەرۆش بووە. تەجروبەی تـاڵی چـەندین ساڵەی جەماوەر لەگەل یەکێتیدا زۆر لەوە زیاترە کە بتوانرێ بخەلـەتێنرێن بـە سیناریوی کێـشەی گوێزانـەوەی مقـەرەکان و مەسـەلەی ئەمنیـەتی شـار. ئـەم سیناریو فاشلە شوێنی گاڵتەجاری یانەو خەلك ئەوە دەپرسـن لـە خویـان کـە چی روویداوە لە پڕ ئەمنیەتی شار ئەوەندە بایەخی لـەلای یـەکێتی وەرگرتـوە کەلەماوەی چەند رۆژێکدا دیفاع لە سەری گەیەنرایە شەڕێکی خوێنـاوی لەگـەڵ حککع دا ؟.

موسـتەفا چـاورەش بـۆ ئـەوەی خـۆی دەربـاز بکـات لەخواسـتێکی بەرهـەقی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و جیهان کە بریتییە لە دەسـت نیـشان کردنـی تاوانبارانێکی ناو هێزەکانی ی.ن.ك کە تاوانەکانی رۆژی 7/14 یـان ئـەنجام دا پەنا دەباتە بەر شێوازێکی ملهورانە و هەم تـەبریری کوشـتنی هاورێـیانی ئێمـە دەکـات بەدەسـتی ئاسـایشو هـەم رابـەرانی حککـع دە کاتـە مەسـئوول و دەیـەوێت دنیـا بـە گـوێرەی ئـەم حوکمـە قەرەقوشـیەی خـۆی و حزبەکـەی بگـەڕێت. لـە واقعـدا ئـەوەی کـە دەبـێ بـدرێت بـە دادگـا نەوشـیروان و جـلال تالەبانی و داردەستەکانیانە کە بەدرێژی ژیـانی سیاسـیان تاوانیـان بـە دژی خە ڵکی مەحرومی کوردستان ئەنجام داوە و هـەر ئـەوانیش نەخـشەکێشو جـێ بەجـێ کەری ئـەم تاوانـە بـوون کـە بـووە هـۆی کوژرانی پێـنج هـاورێی ئێمـەو نائەمنی بۆ خەڵك.

هـەروەك لەسـەرەتاوە ووتم "کوردسـتانی نـوێ "ش هاوبەشـە لەسـیناریوی ساختە دروست کردنەکـەد،ا ئـەوەتا بـاس لـەوە دە کـات کـە حککـع زینـدانی هەبووە و پرسیارە کەی ئەوەنـدە ریسوایە و ئەوەنـدە دوورە لەراستییەوە تەنانـەت موسـتەفا چاورەشـیش نـاتوانێ هـەروا بەئاسـانی ئـەو تۆمەتـە بکاتـە دەست مایە تەبلیغاتییەکەی لەو چاوپێکەوتنەدا.

لـە راسـتیدا دژایـەتی و ترسـی یـەکێتی لـە موقعیـەت و سیاسـەتەکانی حـزب و هەروەها نوکەرایەتی یەکێتی بو رژیمی ئیسلامی ئـیران ئـەو هـو ئەسـلی یانـە بوون کە پالیان بە یەکێتیەوە ناوە بو ئەوەی تاوانکاری بکات بـە دژی حـزب. یەکێتی بـە پیلانـی هاوبەشـەوە لـە گـەل جمهـوری ئیـسلامی ئـیران لـە مـانگی شوباتەوە کەوتە کیشمە کیش و شـەر لـە گـەل حککعو لـەو کاتـدا ویـستی بـە یاساو دادگا حـزب قـە دەغـە بکـات و ئیتهامەکانیـشی ئـەوە بـوون کـە حککـع دیفـاع لـە یـە کسانی ژن و پیـاو دەکـات ، و دیفـاع لـە هەلپیـچانی یاسـاگانی ئەحوال شـە خـسی دەکـات و داوای جیـایی دیـن لـە دەولـەت و جیاکردنـەوەی کوردستان و ئازادی سیاسی دەکات . بەلام ئەوە بوو یەکێتی لەو هەولەیدا هـەر زوو ریسوا بوو وبە شکست گەیشت، بویە لە تەموزدا پـەنای بـردە بـەر چـەك و سەرکوتی ئاشـکراو هـەر زووش جمهـوری ئیـسلامی ئـیران ،هـەروەك رۆژنامـەی کیهانی تاران رایگەیاند، سوپاس و تە قدیری خوی نـارد بـو یـەکێتی بـە بونـەی ئەنجام دانی تاوانکاریەکانی بە دژی حزب. ئەلبەتە موستەفا چاورەش ناویریـت باسی ئەم راستیانە بکـات چـونکە ئەوانـە ئـیعلان کردنـی محکومیـەتی خـوی و حزبەکەی و هەقانیەتی ژیرەوژوور کردنیانە.

موستەفا چاورەش باس لەوە دە کات و ئـەوە رادە گەیـەنێ کـەدەبێ حککـع بچێتە ژێر حوکمی یاساوە و ژێر باری حوکمەتەکەیانەوە و ئـەوە دەکاتـە مـەرج بۆ گەڕانەوەی وەزعێکی ئاسایی بۆ هەڵسورانی حـزب . مـن ئـەوە لـە موسـتەفا چـاورەش دە پرسـم ئایـا خـەڵکی کوردسـتان ئـەو هـەموو قوربـانی و کوێرەوەرییەیان بۆ ئەوە دا کە یاساکانی رژێمی بـەعس لـە کوردسـتاندا کـاری پـێ بکـرێ و یاسـای کۆنەپەرسـتانەی ئـەحوال شەخـسی و یاسـای عقوبـاتی عێراقـی وبـاقی یاسـاکانی تـری ئـەم رژێمـە سە رکوتگـەرە لـە کوردسـتاندا جیبەجی بکرێت؟ تۆ داوا لەحزبی کومونیستی کریکاری عـیراق دە کـەیت کـە یاساکان قبوولْ بکات بەلام ئایا دەتوانێ پێمان بلێیت کە ئایا یاسایەك هەیـە لەم وولاتەدا کەلەرێگەیەوە بتوانین بەخە بات و تێکۆشانی سیاسـی و یاسـایی، یاسـا کۆنەپـە رسـتە کـان بگـۆڕین و لـە شـوێنیاندا یاسـای ئینـسانی و پێشکەوتنخوازانە دابنـێین لـە کاتێکدا کـە جـلال تالـەبانی بـاس لـە "خـە تـی سوور" دەکات لە بواری نەریت و یاسـای ئیـسلامیدا ؟ وەئایا یاسایەك هەیـە لەم وولاتەدا کە رێگە نیشانی خەلکی ئازادیخواز بدات کـە چـۆن بـە شـکلێکی یاسایی بتوانن رزگاریان ببێت لە جلال تالـەبانی و نەوشـیروان و حاکمیـەتیان؟ ئایا یاسایەك هەیە بوار بدات دەعواکانیان بە دژی نەوشیروان و جـلال تالـەبانی بەرزبکەنەوە و بیان دەن بـە دادگـا لەسـەر عەمالـەتیان بـۆ رژێـم و دەوڵـەتانی ناوچەکە و بەشدارییان لە خولْقاندنی مەئـساتی هەڵەبجـەو قـەتلْو عـام کردنـی خەڵکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز؟

مەسەلەی ئەسڵی لەپـەیرەو کردنـی یاسـاکان ئەوەیـە کـە خـودی ئـەو یاسـانە ئەوەش تەوفیر بکـەن کـە بـە شـکلیکی یاسـایی ولەرێگـەی خـەباتێکی سیاسـی قانونییەوە بتـوانرێ خـودی یاسـاکان بگـوردرێن. موسـتەفا چاورەش باسـی یاسا دە کات بە لام باسی ئـەوە ناکـات کـە چ یاسـایەك مەبەسـتیەتی، یاسـای رژیمی بەعس یان کۆمەڵە یاسایەکی ئینـسانی و پێشکەوتن خـواز کـە خـەلکی کوردسـتان ئازادانـە و لەریگـەی دەزگـای هەڵبـژێردراوی خۆیانـەوە بەدەسـتی بهێنن ، باسی حکومەت دەکات بە لام باسی ئەوە ناکـات کـە ئـەوە حکومـەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە وە بـەحوکمی چـەك سـەپێنراوە بەسـەر خـەلکی کوردستاندا و حکومەتێك نییە کەجەماوەری خـەڵك کـەمترین دەوریـان هـەبێت لە پێکهێنان و وەلانانیدا. نـاکرێ قانونـە دژی ئینـسانیەکانی رژیمـی بـەعس لـە کوردستاندا پەیرەو بکرێـت و موسـتەفا چاورەش ئـەو قانونانـە بکاتـە سـەنگی مەحەك بۆ ئازادی هەڵسورانی سیاسی حزبی کومونیستی کریکاری عـیراق و داوا بکات کە دەبی حزب پەیڕە ویان لێ بکات . کامانە بـوون ئـەو قانونانـەی کـە کۆمۆنیستەکانی پـێ قە تلوعـام کـرا لەناوجەرگـەی شـاری سلێمانی و لەپـەنای مـاڵی تاوانبـار نـە وشـیروان موسـتەفادا ؟ ئـەوە چ قانونێـك بـوو کـە سـەدان و سـەدان چـەکداری لـەدەوری بارەگاکـانی حزبـی کومونیـستی کریکاریـد ا کۆکردەوە و بە ئـاربیجی و بیکەیـسی گـەمارۆی دان؟ چ قـانون و حکومـەتێك ئەم حوکمـەی دەرکرد بەغـەیری قـانوونی حزبێکـی مافیـایی و میلیـشیایی کـە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ؟ کامەیە حکومەتی "شە رعی" کوردسـتان لە کاتیکداکە تەنانەت جیلێك گوزەراوە بەسەر هەلْبژاردنی سالی 1992 دا.

لەواقعدا کاتێك دەتوانرێ باسی پە یرەوکردنی یاسـاو حکومـەت بکرێـت کەهـەم یاساکان یاسای ئینسانی وپیشکەوتوو بن و هەم یاسایەکیش بـن کـە بواربـدەن خـەباتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی بـۆ گـۆڕینی یاسـاکان و بـۆ گـۆڕینی خـودی حکومەت لەچوارچێوەیاندا بەرێوە بچێت و بـەرەسمی وەك مـاف بناسـرێن بـۆ خەلك. بە لام لەواقعدا نەحکومەتە کارتونیەکەی یەکێتی کەسێك دەوری هەیـە لەسـەری و نەیاساکانیـشی ئـەوە تـەوفیر دەکـەن. بۆیـە داواکـردن لـەحزبێك و لەجەماوەریش کە حکومەتیکی میلیشیایی و یاساکانی رژیمی بەعس کـە خـەلك لـە ئـازاری 1991 دا هـەلْیان وەشـاندەوە ، بـەرەسمی بناسـن، داوایەکـە مەشروعیەتی سیاسی نییە .

لە راستیدا موستەفا چاورەش دەیەوێت بـەناوی یاسـاو حکومەتـەوە شـەرعیەت بدات بەحوکمی میلیشیایی یەکێتی و لەمـەوقعی ملهورییـەوە دەیـەوێت قبـولْ کردنی یاساکان و حکومەتەکەی بکاتـە مـەرجی ئـازادی هەڵـسورانی سیاسـی حیزبـی کۆمۆنیـستی کرێکـاریی عێـراق . بـەلام ئەگـەر موسـتەفا چاورەش و حزبەکەی دەیانەوێت لـەو مەوقعیەتـە ملهورییـە بێنـەدەر دەبـێ پـێش هـەموو شتێك ئازادی بێ قەیدوشەرتی هە ڵسورانی سیاسی وەکو یاسایەکی بنـەڕەتی و پارێزراوی ئەم کۆمەڵگەیە بەرەسمی بناسن و پـەیرەوی لێ بکـەن چـونکە هـەر لـە هەلومـەرجێکی لـەوجۆرەدا زەمینـەی واقعـی بـۆ بەشـداریو دەخالـەتی جـەماوەر لـە شـکڵدان بـە یاسـاکان و حکومـەت لـە کوردسـتاندا دێتـە ئاراوەوچوارچێوەیەکی گونجاویش بۆ پەیوەنـدی نێـوان حیزبـەکانو ململانـێی سیاسی نێوانیشیان دەستەر دەبێت.

## کەژاڵ ئەحمەد ، ئەو کۆیلەیەی بەکۆیلایەتییەکەی خۆی هوشیار نییە!

کـەژاڵ ئەحمـەد ، تـەنها 2رۆژ دوای داخـستنی بارەگـای رێکخـراوی سـەربەخۆی ئافرەتـانو سـەنتەری پارێزگـاری ژنـان بـەزۆری چـەکی ئاسایشی حیزبەکەی و دوای هەفتەیەك لە پیلانی رەزیلانەی هاوبەشی سوپای پاسدارانو سکرتێری حیزبەکەی دژی حیزبی کۆمۆنیستی کر ێکاری عێراق و کوشتنی 5 کادری حیزب لەسـەرجادەو تەنانـەت گوللـەباران کردنـی دیلـی بێچـەك بەبەرچاوی خەڵکـەوە، لـە جیـاتی ئەوەی وەکو چەند نووسەری شەریفو خاوەن ویژدانی ئینـسانی کـە تەنانەت هەندێکیان هـەروەکو ئـەو کـادری یـەکێتی بوون، بـەڵام ئـەم تاوانـە بێوێنەیـەیان پـێ تەحـەمول نـەکرا ، هەڵوێـستێکی ئینـسانی وەربگرتایەو ئەم تاوانە پڕلەشـەرمەزارییەی ئیدانـە بکردایـە، کەچـی وەکـو قەڵـەمێکی کۆیلـەی خزمـەتکاری کۆمـەڵگای پیاوسـالاریو سیاسـەتی حیزبـە قـەومی -عەشـیرەتی-ئیسلامییەکەیو بەوێنـەی ئەندامانی "أتحاد النساء" ی رژێمی بـەعس چـەپڵەی بۆ قـەتڵوعامی موخالیفـە سیاسـییەکانی "حیزبـی سـەرکردە"و "حکومـەتی خۆسـەپێنی حیزبـی سـەرکردە"لیـدا، زۆر مەغرورانـەش نامەیـەکی بێسـەرەوبەرەی ئاراسـتەی ناسـك أحمـد کردبـوو بـۆ رازی کردنـی ئارەزووی ئەسیادەکانیو وەکو کەسێکی بەقـەولی خـۆی وونبـووی نـاو سیاسەتە چەوتەکان ناوی بردبوو! بەلێم ئەم" ژنـە ئـازادە"ی ناو ریزەکای یەکێتی هیچ شەرمی لەوە نەکردبوو کە خەریکـە ریاکـاری بۆ تاوانبارەکانو تەوربەدەستەکانی ناو حیزبەکەی دەکـاتو سـەرنجی خەڵك لەسەر ئەو تاوانـەی بـەرۆژی روونـاك قارەمانـانی بزووتنـەوەی کوردایـەتی بـەهاوکاری پاڵـەوانانی پـارێزەری حکومـەتی ئیـسلام ئەنجامیان داو بە دیاری بردنی سەری کۆمۆنیستەکان بۆ سـەماحەتی ئایەتوڵڵاکان لابەرێتو بکەوێتە هێرش کردنە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و رشتنی بەزەیی کالْفامانە بۆ ناسك أحمد کـە خـۆی ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی ئـەم حیزبەیـەو بەشـدارە لـە دارشـتنی سیاسەتو بڕیارەکانیدا. ویستی تاوانێك لـە چاوی خـەڵك بشارێتەوە کە هیچ ئینسانێکی ئازادیخواز نەیتوانی لەئاستیدا بێدەنگ بێـتو بـە پێچەوانەی فەرمودەی ئـەم کیژۆڵـە دڵڕەقـەوە تـەنها تـەیفێکی دیـاری کراو لە دوژمنانی ئازادیو کۆمۆنیزمو سـەرانی بـەکرێگیراوی یـەکێتیو قەڵـەم فرۆشـەکانی وەکـو ئـەم، سـەرەتا شـەرمنۆکانە دیفاعیـان لـەم تاوانـە کـرد. ئـەم کۆیلـە مـەغرورەی دنیـای پیاوسـالاری و سیاسـەتی پیاوانـەی ناسیونالیزم دیفـاعی حیزبـی کۆمۆنیستی کرێکـاریی عێـراق لەخۆی و لە ئـازادیو مافـەکانی خـەڵك بـە سیاسـەتی چـەوت دادەنـێ بەڵام کوشتاری سـەرجادەو دیـل کوشـتن لەلایـەن حیزبکـەی خۆیـەوە تـەنها لەسـەر ئـەوەی ئەنـدامی حیزبـی کۆمۆنیـستی کرێکارییـە بـە سیاسەتی راستو دروست ! بەراستی تاوانبـارێکی سـاویلکەیە چونکە ئینـسانکوژە واقعییـەکان ئەوەنـدە چـاویان قـایم نـەبوو بـەو جـۆرە شـانازی بەتاوانەکەیانـەوە بکـەن وتەنانـەت تـەرمی کوژراوەکـانی ئێمـەیان شـاردەوەو مارشـی سەروەریشیان بـۆ پـارێزەرانی" یاسـاو حکومەتی هەرێم"ەکەی خۆشیان لێ نەدا ! چەند رۆژێش سەریان کرد بـەبن بـاڵی خۆیانـدا تاروخـساری دزێویـان لـە خـەڵك بشارنەوە. ئـەم حکایەتخوانـــە نـــازدارەی بزووتنـــەوەی کوردایـــەتیو سیاسەتیچەواشەکاریودرۆو تاوان لـە ژمـارەی 2229ی کوردسـتانی نـویدا جـارێکی دیکـە رشـانەوەی خـۆیو حیزبـە پیاوسـالارو عەشـیرەتییەکەی بەسـەر حیزبـی کۆمۆنیـستی کرێکـاریی عێـراق و ناسك ئەحمددا هەڵدەرێژیو بەحساب مەسئولیەتێکی حیزبی کـەبۆیان داناوە دژی حیزبیئێمەو ناسك أحمد جێبەجێ دەکـات، ئـەوەی لـەبیر نییە کـە تەنانـەت ئـەو سـەربزواندنەی خـۆیو هاورەگـەزەکانی لـەناو حیزبـە عەشـیرەتییەکەیدا ئاکـامی خـەباتی چـەندین سـاڵەی حیزبـی کۆمۆنیـستی کرێکـاریی عێـراق و خـودی ناسـك ئەحمـەدە وەکـو هەڵـسوراوێکی بزووتنـەوەی یەکـسانیخوازی ژنـان.ئـەم جەنابـەو هاورێبازەکانی ئەیانەوێ مێژووی واقعی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکـاریی عێراق بشێوێنن کە تـەنها حیـزب بـووە متمانـەو باوەڕبـەخۆبوونی بـۆ ژنان گێڕاوەتەوەو هوشیاری کردونەتـەوە بـەمافو ئازادییەکانیان. ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نییە کە ئـازادی لـە ناسكو سەدان ژن وەرگرتۆتەوە کە لەناو ریزەکانیدا خەبات دەکەن لە دژی زوڵمو نایەکسانیو پیاوسالاریو کۆنەپەرستیو دەسـەڵاتی مەزهـەبو یاسای عەشـیرەتیو ئیسلامیو دواکەوتوانـەی کوردایـەتی. ئـەوە ئـەم حیزبە نییە کە شەخسیەتی ئینسانی ژنـان وورد دەکـاتو بێئیرادەو سـەرکوتکراوو ترسـاویان دەکـات، بـەڵکو ئـەوە حیزبەکـەی جـەنابی کـەژاڵ ئەحمـەدە کـە ژن لای ئـەو بوونـەوەرێکی پلـە دووی پاشـکۆی پیاوەو دەبێ بەم مەوقعیەتـەی خۆشی رازی بێت وەکو چۆن جـەنابیان بەمە رازی کردووە !

دۆستی ئازیز ! تـۆ ئـازاد نیـت. تـۆ کۆیلەیـەکی مـەرغوبی کۆمـەڵگای پیاوسالاریو حیزبێکی بۆرژوایی-عەشیرەتیت! بیر لەرزگاربوونی خۆت بکەیتەوە باشترە!

نازەنین صالح

## راگەیاندنی ژمارە 8ی
## سکرتاریەتی کۆمیتەی رابەریی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لەبەردەوامیی هێرشو پەلاماری یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر ئازادی هەڵسورانی سیاسیو جێبەجێکردنی نەخشە رەزیلانەکەی خۆی لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بە هەمان شێوەی دەزگا سەرکوتگەر و ناوزڕاوەکەی ئەمنی رژێمی بەعس، ئاسایشەکەی کەوتۆتە شوێنکەوتنو دەستگیرکردنی ئەندامانی حیزبی ئێمە، بەخەیاڵی خۆی لەم رێگایەوە ئەتوانێ پێش بەچالاکی سیاسی ئێمە دەگرێت. تائێستا چەندین وەجبە لە هاورێیانی ئێمە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا یان بانگکراون بۆ ئاسایش یان دەستگیرو زیندانی کراون کە لە ژێر زەغتی رای گشتیدا ناچاربوون بەشێکیان ئازاد بکەن ، بەڵام یەکێتی کە لەچالاکی سیاسی حیزبی ئێمە هەراسانو نارەحەتو شڵەژاوە و توانای نییە کە بەبێ سەرکوتو زەبری چەكو ملهوڕی دەسەڵاتە لەرزۆکە میلیشیاییەکەی رابگرێت، لە ماوەی 10 رۆژی رابردوودا سەرباری شوێن کەوتنو هەڕەشە کردنو بانگکردنی ژمارەیەك هاورێی ئێمە لە لایەن ئاسایشە ترساوەکەیەوەو هەڵکوتانە سەر ماڵی چەند هاورێیدیکەمان، ئەم هاورێیانەی ئێمەیان دەستگیر کردووە:1-عمر محمد رسولٚ ناسراو بەعمری مەکتەبەی هەنگاو لەرانیە ، 2-فلاح أحمد لە رێکخستنەکانی حیزب لە سلێمانی ، 3-سامان ستار، نائب فایق وسردار محمد لە رێکخستنەکانی شارەزووری حیزبو فریدون حسین زادەی لایەنگری حیزبو ئاوارەی ئێرانی لە کوردستانی عێراق کە مەترسی تەسلیم کردنەوەی بە رژێمی ئێران هەیە لەسەر کاری سیاسی دەستگیرکراون کە تائیستاش لە زیندان هێڵراونەتەوە.

یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەم کارە رەزیلانەیەی تەجروبەیەکی شکست خواردووی رژێمە سەرکووتگەرەکانی ناوچەکە دووبارە دەکاتەوەلە دژی موخالیفە سیاسییەکانی خۆیو هاوکاتیش هەرچی زیاتر خۆی دەخاتە بەردەم نارەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازەوە لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان . حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەپەلەقاژەی دیکتاتۆرە بچوکەکان نالەرزێ چونکە ئەم حیزبە لەبەرامبەر دیکتاتۆرە گەورەکانی وەکو صدام حسین دا چۆکی دانەداوە ! هاوکات بانگەوازی خەڵکی ئازادیخوازو رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو سەرجەم حیزبو لایەنە سیاسیو جەماوەرییەکان دەکەین کە لەبەرامبەر ئەم کردەوە سەرکوتگەرە بەعس ئاسایانەدا بێدەنگ نەبن و بەشێوازی گونجاو هەڵوێست وەربگرن.

## دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد یان شوعبەی سیاسی دەزگای زانیاری!

هاوکات لەگەڵ پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و رێکخراوە جەماوەرییەکانو بۆسەر ئازادی سیاسی، رۆژنامەنووس ، کەبڵاوکراوەی دەزگای زانیاری یەکێتییە،کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی تۆمەتی جۆراوجۆرو وڕێنەکردن دژ بەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.ئەو تۆمەتو درۆهەڵبەستنانە شتێکی ئەوەندە سەیر نین چونکە ئەمە پیشەی ئاسایی هەر دەزگایەکی جاسوسیو موخابەراتییە دژ بە نەیارانیسیاسی دەسەڵاتەکەیان ،بەڵام مەسەلەیەك کە پێویستی بەهەڵویستەیەك هەیە نوسینێکی سەپان ناوێکە کەلە ژمارە 32ی رۆژنامەنووسدا بڵاوکراوەتەوە . بێگومان ئەم نوسینە ئاستی بیرکردنەوەی ئەم برادەرە سەپانە دەخاتە ڕوو کە چەند هەنگاوێك لە دامێنی شاخەکانو لە رووناکی فتیلە تێناپەڕێو ناگاتە دامێنی شارو شارنسینیو ژیانی مەدەنیەت! ئەم کۆنەپەرستە عەقڵژەنگرتووەی کە وەکو دەستەو تاقمە ئیسلامییەکان ئازادی ژنان بە بەدڕەوشتیو فەساد دادەنێت، نەك دیفاع لەکوشتنی ژنان دەکات بەبیانووی ناموسپەرستییەوە، بەڵکو لەوە زیاتر پێدرێژ دەکاتو ئەو ژنانەی کە قوربانی یاساو سونەتە عەشیرەتی-قەومی-ئیسلامییە دارزیوەکانی بزووتنەوەو حیزبەکەی ئەم جەنابە بوونو لەبەردەم چەقۆی پیاوسالاری هاوشێوەکانی ئەمدا بوونو سەنتەری پارێزگاری ژنان گیانی رزگارکردوون بەسۆزانیو لەشفرۆشو سەنتەریش بە "مەلها" ناو ئێدەبات! ئەم ئەحمەقە ئاگاداری ئەوە نییە کە بەشێکی ئەو کەیسانەو ژنەکان لەدەزگا ئیدارییەکانی حکومەتە کارتۆنیەکەی سەر بەحیزبەکەی جەنابییەوە وەرگیراون کە ئەوان نەیانتوانیووە بیانپارێزن! ئەوەشی بیرچۆتەوە کە دەمێکەیە کۆنەپەرستانی دژ بەکۆمۆنیزم بەدینیو قەومیو رەنگە جۆراوجۆرەکانیەوە ئەم وڕێنەیان لەدژی کۆمۆنیزم ووتۆتەوە، بەڵام کۆمۆنیزم وەکو ئامانجی رزگاریبەخشی جەماوەری مەحرومو چەوساوەی کۆمەڵ بەردەوام ریشەی لەناو خەڵکدا زیاتر داکوتیوەو ئەوانەشی ئەم جۆرە پڕوپاگەندە رەزیلانەیان کردووە زیاتر لای جەماوەری [illegible]

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵسووڕاوانی سیاسی زیندانی دەکات!

جەماوەری ئازادیخواز!
لایەنگرانی ئازادی!
هەموو ئەوانەی کە لە داپڵۆسینو سەرکوتی سیاسی نارازین!

لەڕۆژی 2000/7/21ەوە کە هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی هەڵیان کوتایە سەر بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنانو بەزۆری چەك بنکەکەیان پێداخستنو دەستیان بەسەر مومتەلەکانیدا گرت، ئەو چەکدارانەی پارێزگارییان لە سەنتەر دەکرد، بەم ناوانە: سامان محمد، محمد نجمو حیدر رسام، دەستگیر کراونو تائێستا لەزینداندان. ئەم هاوڕێیانە کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقن کە ئەرکی پاراستنی سەنتەری پارێزگاری ژنانو ئەو ژنانەیان لە ئەستۆ بوو کە لە چەقۆی پیاوسالاری هەڵاتبوونو لەلایەن سەنتەرەوە ژیانیان دەپارێزرا. هەروەها جەزا محمد، ناسراو بە ئامانجو ئازاد حەمە ئەمین ئەندامانی حیزبمان، لە چەند ڕۆژ لەمەوبەرەوە بە "تاوانی" بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزب، لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون.

یەکێتی نیشتمانی بە ئەنجامدانی تاوانی 7/14 لەدژی حیزبی ئێمە بەئیتفاق لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێرانو دەزگای ئیتلاعاتو بۆ ڕازی کردنی دڵی ڕژێمی تاوانباری بەعس بە مەحدودکردنەوەی هەڵسووڕانی ئۆپۆزسیۆنی دژی ڕژێم لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، روخساری کۆنەپەرستانەو بەکرێگیراویی خۆی بەتەواوی بۆ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان نیشانداو گرتنو زیندانی کردنی کادرو ئەندامانی ئێمەو هەڵسووڕانی سیاسیو ڕێگاگرتن لە هەڵسووڕانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانو سەرکوتکردنیان زەوقو ئیشتیای ئەم دیکتاتۆرە بچکۆلەیە بۆ سەرکوتکردنی خەڵكو لەژێرپێنانی ئازادیو مافەکانیانو ئارەزووی لاسایی کردنەوەی دیکتاتۆرە گەورەکانی لەچەشنی صدام حسین لەسەری سەرانی یەکێتیدا دەهێنێو دەبات.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان نەفرەت لەتاوانی 7/14و تەواوی کارو کردەوە سەرکوتگەرانەکانی یەکێتی دەکەنو ئەم کردەوە دژی ئازادیو کۆنەپەرستانەیەش ئاکامێکی باشی بۆ یەکێتی لێناکەوێتەوە بێجگە لەڕۆچوونی زیاتری یەکێتی بەرەو زەلکاوی تەریك کەوتنەوەو کەوتنە بەر رقو نارەزایەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئازادیخوازو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش!

**بژی ئازادی هەڵسووڕانی سیاسی!**

**ڕیسوایی بۆ دوژمنانی ئازادی!**

**کۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2000/8/6

## دەست لە هێرش بۆ سەر خەڵکی زەحمەتکێش هەڵگرن!

چەند رۆژێکە حکومەتەکەی یەکێتی لە شاری سلێمانی دەستی داوەتە هێرشێکی فراوان بۆ سەر زەحمەتکێشانی دەستفرۆش و کەلوپەلەکانیان زەوت دەکەنوهەروەها دەیان دوکانی مریشك فرۆشتنیان داخستووە لە ژێرناوی گرانفرۆشیداو غەرامەیان کردوون کەئەمەش بووەتە هۆی چوونەسەری زیاتری نرخی گۆشتی سپی لەبازاڕدا. ئەم کارانەی یەکێتی بەبێ حسابکردن بۆ ژیانو گوزەرانی ئەو خەڵکەو بەبێ ئەنجامدانی هیچ جۆرە مەسئولیەتێکی عەمەلی بۆ چارەسەری کێشەکان تەنها بەزەبرو زۆر نواندنو سزادانو غەرامە کردنو زەوتکردنی سەرچاوەی بژێوی ئەو خێزانە زەحمەتکێشانە بەرێوە دەچێت. تا ئێستا چەندین جاری دیکە ئەم جەماوەرە زەحمەتکێشە کەوتوونەتە بەر پەلاماری ئەم میراتگرانەی بەعسو سوکایەتییان پێ کراوە وتاڵان کراون.

ئێمە بانگەوازی دەستفرۆشانو سەرجەم جەماوەری بێکارو زەحمەتکێشی سلێمانی دەکەین کە ئەم ملهوڕیو زۆر نواندنە لە یەکێتیو حکومەتودەزگا سەرکوتگەرەکانی قبوڵ نەکەن.یەخەی دەسەڵاتداران بگرن کە دەست لەم جۆرە کردەوە نامەسئولانەیە هەڵگرنو وەڵام بە دابین کردنی پێداویستییەکانی کارو ژیانو گوزەرانیان بدەنەوە. زوڵم نواندن بەرامبەر بەشێکی فراوانی خەڵك بەناوی بەرژەوەندی جەماوەرەوە کارێکی ریاکارانەیەو نابێت هیچ ئینسانێکی شەریف قبوڵی بکات. زەحمەتکێشانی دەستفرۆشو مریشك فرۆشەکان دەبێت بەریزی ریکخراوو یەکگرتووەوە بۆ سەپاندنی مافو خواستەکانیان بێنە مەیدانو جەماوەری ئازادیخوازیش پشتیوانی خواستە بەرحەقەکانیان بن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پشتی خەباتو خواستە رەواکانتانەوە دەوەستێت.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**کۆمیتەی سلێمانی**
2000/8/24

## بۆ بەڕێز جەلال تالەبانی

**سڵاوێکی خەباتکارانە...**

**هەندێ هەواڵمان پێگەیشتووە سەبارەت بە بارگرژی ئەمنیی لە ناوچەکەتاندا کە هەندێ هێزی سیاسی سەر ساحەی کوردستانی گرتۆتەوەو ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤو ڕێساکانی، لەمەش واوەتر ناکۆکە لەگەڵ بەرنامەی هێزە سیاسییە عێراقییە زیندووەکان بەگشتیو کوردییەکان بەتایبەتی، لەوانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە زۆربەیان لە پێناوی فرەحیزبێتیو ئازادی کاری سیاسیو ئەندامەتی لە حیزبەکاندا خەبات دەکەن، وەکو کۆمەڵە دیاردەیەك کەدەمانەوێ هەزارەی سێیەمی پێ رەنگرێژ بکەین، کە هەمووان تیایدا چاویان بڕیوەتە هێنانەدی خەونەکانی گەلی کورد لە بنیاتنانی کیانێکی سەربەخۆیدا.**

**بانگەوازتان دەکەین بۆ پێویستیی وەستاندنی پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی، لە پێناوی پەلەکردن لە هێنانەدی خەونی هەموو ڕۆژەمان، واتە عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا.**

**کۆمەڵەی نووسەرانو توێژەرەوە عێراقییەکان لە سوید**
27ی ئەیلولی 2000

# بژی جمهوری سۆشیالیستی!

# شکاتنامە ڕیسواکەی چەند مانگ لەمەوبەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدژی حیزبمان

**بەمەبەستی ئاگاداربوونی خوێنەران لەپێشینەی تاوانکارییەکانی ئەمڕۆی (ی.ن.ك) بەرامبەر بە حیزبمان، لێرەدا دەقی شکاتنامەی 2000/3/5ی وەزیری ناوخۆکەیان بلاودەکەینەوە. کە دەیانویست بەم شکاتنامەیەو لەڕێگە دادگا عەشایەرییەکەیانەوە چالاکی حیزبمان قەدەغە بکەن. دوای ئەوەی بۆیان نەچووە سەرو کەتنە بەر نارەزایەتی قوولی ئازادیخوازان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستانو کۆلێکیش پێی ریسوا بوون، خۆیان چوون لەدادگا ئەم خەجاڵەتنامەیەی خۆیان وەرگرتەوە.**

---

**بەڕێز حاکمی دادگای سەرەتایی سلێمانی**

**شکاتکەر**: **بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان/عێراق،**
**وەکیلەکەی لیوای پۆلیسی مافناسس نەزەر عەلی ئەکبەر، وەکیلی وەزیری ناوخۆ سەرباری وەزیفەکەی**

**شکات لێکراو**: **حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

لایەنی شکاتکەر:

شکات لێکراو بەپێچەوانەی بڕگەکانی یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993-ی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقو، بەتایبەتی ئەو بڕگانەی کە لە ماددەی 14دا هاتووە، جولاوەتەوە. بەجۆرێك کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەستاوە بە کۆمەڵێك کارو چالاکی کە هەندێکیان تێکدەرنو ناکۆکن لەگەڵ نیزامو ئادابی گشتی، هەروەك لە خوارەوەدا بە بەڵگەی ماددی ڕوونەوە هاتووە:

1-ئەم حیزبە بەردەوام هەستاوە بە بلاوکردنەوەو پەخشکردنی بەیاننامەو بلاوکردنەوەی وتار لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکەیانەوە (پێشڕەو) کە هەموویان تەشهیری تێدایە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق. وە ئەم سەرپێچییەیان بریتییە لە سەرپێچی ئەو بڕگانە کە لە ماددەی (14)ی یاسای حیزبەکانی ژمارە (17)ی ساڵی 1993دا هاتووە، کە لەسەرەوەدا ئیشارەی پێکراوە. هەندێك لەو بەیاننامانە دەکەینە هاوپێچی ئەم شکاتنامەیە.

2-چاپکردنی نامیلکەیەك لەژێرناوی یاسای یەکسانیی ژنو پیاودا، وەکو بەدیلی ئەو یاسای ئەحوالی شەخسییەی کە لەعێراقدا کاری پێدەکرێتو، گرتنی کۆڕی فراوان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو ماددانەی کە لەو یاسایەدا هاتووە. هەروەها لەو کۆڕەو لەجێگەی دیکەدا بەئاشکرا وتویانە کە ئەگەر پێویست بەزۆر بکات، ئەم یاسایە بەزۆر دەخەنە جێگای یاسای کار پێکراو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووردا چونکە دەقێکی ئاشکرا لە دەستووردا هەیە کە دەڵێ: "ئیسلام دینی ڕەسمیی دەوڵەتە"، وە ئەم سەرپێچییە گەورەیە، ئاکامەکانی خەتەرناك دەبێت لەسەر کۆمەڵگای کوردستان ئەگەر یاسا چارەسەرێکی خێرای بۆ دانەنێت. نوسخەیەکی ئەم نامیلکەیەش هاوپێچە.

3- ئەم حیزبە هەستاوە بە کۆکردنەوەی کۆمەك لە هاوولاتیان بەشێوەی ئاشکراو بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمیی لەدەزگا بەرپرسەکان. چەند پسوولەیەکی کۆمەك کە مۆری ئەم حیزبەی پێوەیە هاوپێچ کراوە.

4-ئەم حیزبە هەستاوە بەناچارکردنی هاوولاتیانو بەتایبەتی نەخوێندەوارەکان بۆئەوەی دەنگ بەجیابوونەوە لەعێراق بدەن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە زۆر مەترسی دەبێت لەسەر ئایندەی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عێراقدا کە ئامانجی یەکەمو بنەڕەتیی جێبەجێکردنی یەکێتییەکی فیدرالییە کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکانیش تەئییدیان کردووە، نەك جیابوونەوە.

5-دروستکردنی پسوولەی هاتوچۆ بۆ هاوولاتیان بەمەبەستی پەڕینەوە لەخاڵەکانی پشکنین بەرەو جمهوری ئیسلامی ئێران یان پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق یان بەرەو هەولێرو لەوێشەوە بۆ تورکیا، ئەم جۆرە کارانەش پێچەوانەی ئەو ڕێنماییانەیە کە لەمبارەیەوە دەرچوونو بەم پێیەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆییو دەرەکی هەرێم دروست دەکاتو ئەحکامەکانی ماددەکانی کتێبی دووەم لە بابی یەکەمو بابی دووەمی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە 111ی 1969ی تەعدیلکراو بەسەر ئەم سەرپێچییەدا دەگونجێ.

6-هەندێ لە ئەندامانی حیزبو بەئامۆژگاری حیزبەکەیان بەرگی تایبەت بە هێزی ئاسایشی ناوخۆ لەبەردەکەن، بۆ جێبەجێکردنی هەندێ مەرامی تایبەتی خۆیان کە پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی هەرێمەوە هەیە، بەمەبەستی خۆدەربازکردن لە دەستی پیاوانی یاسا لە کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆو بەتایبەتیش لە بازگەکانی پشکنیندا.

7-پەیوەندی گرتن لەگەڵ بێگانەو ڕێکخستنی خۆپیشاندان بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئسولیو ڕەسمییو ئەو ڕێنماییانەی کە لەم بوارەدا ڕەچاو دەکرێت.

8-هەندێ لەکادرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەناو خەڵکدا ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەم واقیعە بۆگەنە دەگۆڕنو ئەگەر پێویست بکات هێزیش بەکار دەهێنن. هەتا کار بەوە گەیشتووە کە یەکێك لە کادرەکانیان بەناوی وەستا مەهدی، کە کادرێکی نەقابیو مەسئولی نەقابەی بیناسازییە لەسلێمانی، لەدیوانی وەزارەتەکەماندا بڵێ کە ئەم نیزامە دەگۆڕنو ئەگەر پێویست بکات، بەهێز ئەمە دەکەن، ئەمەش لەبەرچاوی دوو کەس لە هاوڕێکانیو لەبەرچاوی منداو لەژووری ڕاوێژکاری یاساییو لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا، بەدڵخوازی خۆی ڕاگەیاندو کاتێکیش موناقەشەی لەگەڵدا کرا چەند جار دووبارەی کردەوە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئیجرائاتی یاسایی لەدژی ئەم حیزبەو بەتایبەتی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراوو نووسراوی ئەنجام نەدرێ ئاکامەکانی خەتەرناك دەبێ لەسەر سەلامەتیی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم.

9-هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، عێراقی نینو ئەمەش سەرپێچییەکی ئاشکرای یاسایە کە دەڵێ هەرگیز ناکرێ کەسانێکی غەیرە عێراقی بچنە ناو حیزبە عێراقییەکانەوە بەهۆی نەگونجانی لەباری یاساییەوە، وە ئەوەمان بۆ سەلماوە کە ئەندامانێکی سەکردایەتی لەڕیزەکانی حیزبی ناوبراودا هەن، هەروەکو لەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

1/موزەفەری محەمەدی- مەسئولی مەکتەبی عەسکەری حیزبەکەیان.
2/ڕەحمان حوسێنزادە- ئەندامی سەرکردایەتی.
3/ئەسەد گولچینی- ئەندامی سەرکردایەتیو کادری ڕاگەیاندنی حیزب.

لسەر بنەمای ئەوانەی لەسەرەوە نووسراونو بەرەچاوکردنی خەتەرناکیی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەندامەکانی ئەم حیزبەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیستراوو نووسراویانو ڕێکخراوە پیشەییەکانی سەر بەوان پێی هەڵدەستنو، ئەم مەترسییەش پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتیو بگرە وجودی کیانی ئیدارەی ئێستای هەرێمەوە هەیە، کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، بۆئاگاداربوونی بەڕێزتان داوا لە دادگا بەڕێزەکەتان دەکەین کە بەپێی بڕگەی یەکەمو دووەم لە ماددەی (17)ی ساڵی 1993 ئیجرائاتی یاسایی لەدژی ئەم حیزبە بکەن، ئەویش بەداخستنی هەموو نووسینگەکانی ئەم حیزبە لە هەرێمدا. چونکە ئەگەر ئیجرائاتی پێویست بۆ قەدەغەکردنی چالاکییەکانیان لە هەرێمدا نەگیرێتە بەر ئەم حیزبە دەبێتە مەترسییەکی تێکدەر بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەمان. ئاگادارمان بکەنەوە لەگەل ڕێزماندا.

**نەزەر عەلی ئەکبەر**
**لیوای پۆلیسی مافناس**
**وەکیلی بەڕێز وەزیری ناوخۆ/ سەرباری وەزیفەکەی**
2000/3/5

# بەڵگەنامەی نۆکەری

**تاران-28-1995/6**
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**هەڤاڵو برای خۆشەویستم کاك جەباری بەڕێز**
**سلاوێکی گەرم**
**شادیو سەرکەوتنتانم داوایەو ئێمەش باشین.**

**لەسەفەری تارا نماندا پێم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهێناوە:**

**یەکەمین هاوکاری هەتاسەری ئێمەو المجلس الاعلی-بەرسەرۆکایەتی سەماحەتی السید محمد باقر الحکیم: کە بۆ ئێستاو دوارۆژی عراق باشو پێویستە. وا دەقی هەردوو ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنیتان بۆ دەنێرین. نهێنییەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنی بێتو کەس نەزانێت. ئەوەش ئەساسە: لە هەموو حاڵەتێکدا لەسەری دەڕۆینو جێبەجێی دەکەین بەلام (1)بەخشکەیی (2)لەژێر پۆششێکدا. لەسەرەتادا هەوڵ دەدەین پۆشش INC بێت، یان هاوکاری فەرەوانی معارەزە. لەکۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو ڕێککەوتنە تۆو کاك قادرمان داناوە بۆ هەڵسووراندنو جێبەجێکردنی کارەکان: هیوادارم هەر فیلەتەن بیت!**

**دووەمین ڕازیکردنی ئێران بەم ڕێککەوتنە، هەروەها بەیارمەتیدانی هەردوولامان بۆ سەرخستنی کارەکە: واتە ڕازی بوونی جەمهوری ئیسلامی بەهاوکاریکردنی ی.ن.كو المجلس الاعلی بۆ ڕوخاندنی ڕژێم+ داهێنانی عراقی دوا ڕۆژ کە لە ڕێککەوتنی پێشوومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوە کراوە، کە تێیدا مافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی کورد لەچوارچێوە عراقدا هاتووە. ج.ئی ئیتر (ئێمەو المجلس) بۆ ڕەورەوەی ڕزگاری عراق دەزانێت. بەهەر سێلامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسیەکە دەکەین.**

**سێیەمین ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەو شامیلو کاملی دوورو درێژ لەنێوان ئێمەو ئێراندا کە بێگومان پرۆژەکەی دەبینن.**

**چوارەم هەروەك بڕیار درا ڕێککەوتنەکەی پێشوو جێبەجێ بکرێت.**

**پێنجەم جەمهووری ئیسلامی سوورنەبوون لەسەر بەپەلە دەرکردنی حدکا، بەڵکو داوایان لێکردووم کە بەهێمنیو شێنەییو خشکەیی هەوڵ دەم لەگەڵ مەلا عبدالله بۆئەوەی پێك بێنەوە لەگەڵ (ج.ئی). دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکان ڕوون نین بەلام خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گرنگە: باس لەچالاکی سیاسیان دەکرێ+ لەچارەسەرەکەی ئیمام وەختی خۆی گوتبووی و هتد.**

**بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر ڕازیم: ماوەتەوە جێبەجێکردن: پێم وایە کلیلەکەی ڕێککەوتنەکەی ئێمەو المجلس)ی ئەعلایە کە ڕێبەر+ سەرەك جەمهور+ پاسداران+ هەموانیتر زۆر زۆریان پێ باشو گرنگە. بۆیە هیمەتی خۆتو کاك قادر لە بەچاکی هاوکاری کردنی المجلس زۆر زۆر زۆر گرنگە: بگرە هەموو شتەکانی تری پێوە بەندە.**

**ئەوەی گرنگە بەلامەوە، کە بۆ دوارۆژی عراقو شتە ئەساسیەکان (ج.ئی) لەگەڵ (ئێمەو المجلس) پێکهاتووەو بەسو کەسی تری تێدا نییە! واتە ئەوەیە سێکوچکەکە.**

**لەدواییدا ئێمە لێرە قسەمان دلێر بوو.**

**تکایە جارێ ئەم نامەیە هەر بۆ خودی خۆتە**

**ئیتر هەر بژی بۆ برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**

**ئاگاداری**

**لەنزیك تراییەکەی سلێمانی، ئەرزێکی باش بۆ مزگەوتی حسینیە دیاری بکە.**



